# کورتکراوەی ڕێزمانی کوردی

12

2019 - 2020




ئامادەکردنی : م. إسماعیل یوسف پیرداود

باشترین کورتکراوەی ڕێزمانی کوردی

بۆ پۆلی 12ی زانستی وێژەیی

لەم کورتکراوەیە بە پوختی باس لە بابەتەکان کراوە

بۆ پێش تاقیکردنەوە سوودی زۆری هەیە

پەیجی ڕێزمان و ئەدەبی کوردی پۆلی 12

# کار بە پێی ناوەڕۆک چوار شێوازی هەیە

- شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن .
- شێوازی ڕێژەی دانانی .
- شێوازی ڕێژەی داخوازی .
- شێوازی ڕێژەی مەرجی

## شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن

یەکەم : شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن دەکرێت بە پێنج ڕێژەوە کە چواریان ڕابردووە و یەکێکیان ڕانەبردووە .

**1 - ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن** ئەم ڕێژەیە بە تەنها بە لابردنی نوونی چاوگ دروست دەبێت . یاساکەی ← **چاوگ - ن**

نموونە : هێنان ← هێنا ، خستن ← خست ، ڕێزگرتن ← ڕێزگرت .

تێبینی : ئەگەر چاوگەکە پاشگری ( ەوە )ی پێوەبوو ئەوا بەم شێوەیە ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی لێ دروست دەکرێت .

أ – ئەگەر پیتی پێش نوونی چاوگ پیتێکی نەبزوێن بوو ئەوا تەنها بەلابردنی نوونی چاوگ ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی لێ دروست دەکرێت .

نموونە : هاتنەوە ← هاتەوە ، هەڵکردنەوە ← هەڵکردەوە .

ب – ئەگەر پیتی پێش نوونی چاوگ پیتێکی بزوێن بوو ئەوا ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن دروست دەبێت بە لابردنی نوونی چاوگ و دانانی ناوبەندی ( ی ) لە نێوان دوو پیتە بزوێنەکە بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتر .

نموونە : هێنانەوە ← هێنایەوە ، ڕۆچوونەوە ← ڕۆچوویەوە ، پێچانەوە ← پێچایەوە .

**2 – ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن** ← **ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن + وە ، ووە .**

تێبینی : هەرکاتێک پیتی پێش نوونی چاوگ ئەلفی و واوی و یائی ( ا ، و ، ی ) بوو ئەوا ( وە ) بە کاردەهێنین ، بەڵام ئەگەر دالی و تائی ( د ، ت ) بوو ئەوا ( ووە ) بەکاردەهێنین . تێبینی/ لە ( چاوگی واو )دا ( وو )ی قورس دەگۆڕێت بۆ ( و )ی سووك .

نموونە : نوسین ← نوسیوە ، خستن ← خستووە ، ڕاگرتن ← ڕاگرتووە ، کوڵان ← کوڵاوە , چوو + وە =چووە

تێبینی : ئەگەر چاوگەکە پاشگری ( ەوە )ی پێوەبوو ئەوا پێویستە ناوبەندی ( ت ) لەنێوان پاشگر و نیشانەی تەواوی دابنێین .

نموونە : هاتنەوە ← هاتووەتەوە ، شووشتنەوە ← شووشتووەتەوە .

تێبینی : لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا لە جیاتی نیشانەی تەواوی ( وە ، ووە ) ئەوا نیشانەی ( یە ، ییە )مان هەیە .

نموونە : نقستن ← نقستییە ، نقیسین ← نقیسییە ، خارن ← خارییە .

**3 - ڕێژەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن** ← **ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن + بوو**

نموونە : هێنان ← هێنابوو ، بردن ← بردبوو .

**4 - ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن** ← **دە + ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن** بۆ سادە .

نموونە : هێنان ← دەهێنا ، پێوان ← دەپێوا ، کردن ← دەکرد .

بۆ داڕژاو و لێکدراو **بەشی یەکەمی کار + دە + کاری ڕابردوو (ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن)**

نموونە : لێنان ⟵ لێ دەنا ، هەڵهێنان ⟵ هەڵدەهێنا ، بەهێزکردن ⟵ بەهێزدەکرد .

** هەندێ جار لە شوێنی نیشانەی ( دە )ی بەردەوامی نیشانەی ( ئە ) بە کاردەهێنرێت .

نموونە : دەنووسی ⟵ ئەنووسی ، دەبینی ⟵ ئەبینی .

**5 - ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن** ⟵ **دە + ڕەگی کار + ج .لکاوی ک3** بۆ **سادە**

نموونە : ماڵین ⟵ دەماڵم _ دەماڵین , دەماڵیت _ دەماڵن , دەماڵێت _ دەماڵن .

بۆ داڕژاو و لێکدراو **بەشی یەکەمی کار + دە + ڕەگ + ج .لکاوی ک3**

نموونە : هەڵکردن ⟵ هەڵدەکەم _ هەڵدەکەین ، بەهێزکردن ⟵ بەهێزدەکەم _ بەهێزدەکەین .

لە شێوەزاری کرمانجی ژووروودا نیشانەی ڕانەبردوو بریتییەلە بۆ دەمی ئێستا بریتییەلە ( د ) ، بۆ داهاتوو بریتییەلە ( دێ ) .

نموونە : خوێندن ⟵ دخینم من چیرۆک دخینم .

دێ خینم من چیرۆک دێ خینم .

تێبینی : هەموو ڕێژەکانی ڕاگەیاندن بە ڕابردوو و ڕانەبردووەوە دەتوانرێت کاری بکەر نادیاری لێ دروست بکرێت بەم شێوەیە .

1 – ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی بکەر نادیار : **ڕەگی کار + را** نموونە : نوسین ..... نوسرا . **نەنوسرا**

2 – ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنی بکەر نادیار : **ڕەگی کار + را + وە** نموونە : نوسین ..... نوسراوە . **نەنوسراوە**

3 – ڕابردووی دووری ڕاگەیاندنی بکەر نادیار : **ڕەگی کار + را + بوو** نموونە : نوسین ..... نوسرابوو . **نەنوسرابوو**

4 – ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندنی بکەر نادیار : **دە + ڕەگی کار + را** نموونە : نوسین ..... دەنوسرا . **نەدەنوسرا**

5 – ڕانەبردووی ڕاگەیاندنی بکەر نادیار : **دە + ڕەگی کار + رێ** نموونە : نوسین ..... دەنوسرێ . **نانوسرێ**

تێبینی : هەموو ڕێژەکانی ڕابردووی ڕاگەیاندنی بکەر دیار و بکەر نادیاری بە ئامرازی ( نە ) نەرێ دەکرێت .

بەڵام ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنی بکەر نادیار و بکەر دیار بە ئامرازی ( نا ) نەرێ دەکرێت .

# شێوازی ڕێژەی دانانی

دووەم : شێوازی ڕێژەی دانانی ئەو ڕێژەیەیە کە ڕاستەوخۆ ئەو هەواڵەی دەیداتە پاڵ کەسێک یان شتێک لە شێوەی گومان و ئارەزوو و ئاوات واتاکەی دەردەکەوێت . نموونە : خۆزگە پەرتووکەکەم کڕیبا .

شێوازی ڕێژەی دانانی چوار جۆری هەیە کە سێیان ڕابردووە و یەکێکیان ڕانەبردوو .

## 1 – ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی

ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن + با

نموونە : سووتان ← سووتابا ، کەوتن ← کەوتبا ، ڕاکردن ← ڕاکردبا .

بەڵام ئەگەر چاوگەکە پاشگری ( ەوە )ی پێوەبوو ئەوا ناوبەندی ( ی ) لە نێوان نیشانەی ( با )ی دانانی و پاشگرەکە زیاد دەکەین ، یاخود ناوبەندی ( ی ) دانانێین و بەڵام لە پاشگرەکە ( ە ) لێدەکەینەوە .

نموونە : ڕۆیشتنەوە ← ڕۆیشتبایەوە = ڕۆیشتباوە .

دۆزینەوە ← دۆزیبایەوە = دۆزیباوە .   نموونە : خۆزگە کتێبخانەکەم دروستکردباوە .

## 2 – ڕێژەی ڕابردووی تەواوی دانانی

ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن + بێت

تێبینی : لە شێوازی ڕێژەی دانانی دا ڕێژەی ڕابردووی ( بەردەوام )مان نیە .

نموونە : خواردبێت \ کردبێت \ سوڕابێتەوە \ پاککردبێتەوە .

## 3 – ڕێژەی ڕابردووی دووری دانانی

ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن + بووبا

نموونە : بردبووبا \ هێنرابووبا \ گەورەکردبووبا .

ئەگەر پاشگری ( ەوە )ی پێوەبوو نموونە : سەرکەوتنەوە ← سەرکەوتبووبایەوە _ سەرکەوتبووباوە .

## 4 – ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی

ب + ڕەگ + ک3   بۆ سادە .

نموونە : نوسین ← بنوسم _ بنوسین \ فرۆشتن ← بفرۆشم _ بفرۆشین \ بردنەوە ← ببەمەوە _ ببەینەوە .

بۆ دارِژاو و لێکدراو   بەشی یەکەمی کار + ب + ڕەگ + ک3

نموونە : بەجێمان ← بەجێبمێنم _ بەجێبمێنین \ پەروەردەبکەم _ پەروەردەبکەین \ چاپبکەم _ چاپبکەین .

دەشکرێت لە حاڵەتی دارِژاو و لێکدراودا لە دروستکردنی ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی دا پێشگری ( ب ) لاببردێ بۆ ئاسانی گفتوگۆ کردن یان ئاسان دەربڕین . نموونە : چاپکەم _ چاپکەین .

تێبینی : هەندێ جار لە ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی دا لە سەرەتاوە نیشانەی ( ب ) دادەنرێت بەڵام ئەمە ڕێژەکە ناکات بە ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی . نموونە : خوێندبا _ بخوێندبا ، کردبا _ بکردبا ، هێنابا _ بهێنابا .

تێبینی : شێوازی ڕێژەی دانانی بە هەموو جۆرەکانیەوە کاری بکەر نادیاریان لێ دروست دەکرێت بەم شێوەیە .

أ ڕابردووی نزیکی دانانی بکەر نادیار : ڕەگ + را + با   نموونە : بینین ← بینرابا .

ب ڕابردووی تەواوی دانانی بکەر نادیار : ڕەگ + را + بێت   نموونە : بینین ← بینرابێت .

ج ڕابردووی دووری دانانی بکەر نادیار : ڕەگ + را + بووبا   نموونە : بینین ← بینرابووبا .

د ڕانەبردووی دانانی : ب + ڕەگ + رێ   نموونە : بینین ← ببینرێ .

**تێبینی** : هەموو ڕێژەکانی شێوازی دانانی بە ڕابردوو و ڕانەبردووەوە بە ئامرازی ( نە ) نەرێ دەکرێت ، ئەگەر ڕێژەکە ڕابردوو بوو ئامرازەکە دەکەوێتە پێش کارەکە ئەگەر سادەبوو وە ئەگەر داڕژاو و لێکدراو بوو ئەوا دەکەوێتە دوای بەشی یەکەمی کار ، بەڵام ئەگەر ڕانەبردوو بوو ئامرازەکە شوێنی ( ب ) دەگرێتەوە .

ڕابردووی نزیکی دانانی : نەهێنابا .    ڕانەبردووی دانانی : نەهێنم _ نەهێنین

ڕابردووی تەواوی دانانی : نەهێنابێت .    نەهێنیت _ نەهێنن

ڕابردووی دووری دانانی : نەهێنابووبا .    نەهێنێت _ نەهێنن .

**تێبینی** : هەرکاتێک شێوازی ڕێژەی دانانی لە ڕستەدا بەکارهێنرا ئەوا پێویستی بە <u>وشەی یاریدەدەر</u> و <u>کاری یاریدەدەر</u> دەبێت .

**وشە یاریدەدەرەکان ئەمانەن :-**

- خۆزگە ، بریا ← بۆ ئاوات خواستن.
- کاشکێ ← بۆ حەزوو و ئارەزوو.
- ڕەنگە ، بەگومانم ، بەشکم ، بەڵکو ، لەوانەیە ، پێدەچێت ، بۆیهەیە ← بۆ شک و گومان.
- خوایە ، سا خوایە ، خودایە ← وشەیەکە تایبەتە بۆ دووعا و پاڕانەوە بەکاردێت.
- پێویستە ، با ← بۆ سوربوون و جەختکردنەوە بەکاردێن
  **نموونە** : پێویستە ئەو پێنوسە بگەڕێنمەوە.


**کارە یاریدەدەرەکان ئەمانەن :-**

- دەبێت ، دەبێ ، دەبوو ، دەبوایە ← بۆ پێویستی بەکاردێت
  **نموونە** : دەبێت وانەکە بخوێنم.
  دەبێت منداڵەکانمان جوان پەروەردەبکەین.
- دەمەوێ ، دەمەوێت ← بۆ ویستن بەکاردێت
  **نموونە** : دەمەوێ لە تاقیکردنەوەکە دەربچم.
  دەمەوێت جوانیەکانی ژیان ببینم.
- دێم ، بێم ← بۆ ( مەبەست ) بەکاردێت.
  **نموونە** : ( دێم ) بێم تاکو هۆنراوەکە بخوێنمەوە.
- دەوێرم ، دەتوانم ← بۆ ( وێران ) ( توانین )
  **نموونە** : دەوێرم لە ئاوەکە بپەڕمەوە.
  دەوێرم هەستی خۆم دەربڕم.

# شێوازی ڕێژەی کار

ڕێژەی کار ئەو شێوەیەیە کە کار بەپێی دەم و کەس و ژمارەی کەس لە بەکارهێناندا دەردەکەوێت .

لەڕێژەی کاردا سێ کۆمەڵەی جێناوی لکاو بەکاردێت و ئەرکی بکەر دەبینێت .




## بەکارهێنانی جێناوە لکاوەکان لە شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندندا

أ : کۆمەڵەی یەکەمی جێناوە لکاوەکان لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕی ( سادە ، داڕژاو ، لێکدراو ) لە شێوازی ڕاگەیاندندا بە هەموو ڕێژەکانیەوە بەم شێوەیە بەکاردێت .

1 – لەگەڵ کاری ڕابردووی تێ پەڕی سادەدا جێناوەکانی کۆمەڵەی یەکەم لە ڕێژەی ڕابردووی ( نزیک ، دوور ) دا دەکەونە کۆتایی کارەکەوە ، لە ڕابردووی ( تەواو ) دا دەکەونە نێوان نیشانەی تەواویەوە ( و ە ، وو ە ) لە ڕابردووی بەردەوام دا جێناوەکان دەکەونە دواى نیشانەی ( دە )ی بەردەوامی بەم شێوەیە .

سادە : خواردن .

| نزیک | تەواو | دوور | بەردەوام |
|---|---|---|---|
| خواردم _ خواردمان | خواردوومە _ خواردوومانە | خواردبووم _ خواردبوومان | دەم خوارد _ دەمان خوارد |

※ نەرێ کردنیش لە کاری ڕابردووی سادەدا لەگەڵ هەموو ڕێژەکان بە ئامرازی ( نە ) دەبێت و هەمیشە جێناوە لکاوەکان دەکەونە دواى نیشانەی نەرێ وە .

| نزیک | تەواو | دوور | بەردەوام |
|---|---|---|---|
| نەم خوارد _ نەمان خوارد | نەم خواردووە _ نەمان خواردووە | نەم خواردبوو _ نەمان خواردبوو | نەم دەخوارد _ نەمان دەخوارد |

2 – لەگەڵ کاری ڕابردووی تێ پەڕی ( داڕژاو و لێکدراو ) لە هەموو ڕێژەکاندا جێناوەکانی کۆمەڵەی یەکەم دەچێتە سەر بەشی یەکەمی کارەکە ئەگەر ( نەرێ )یش بێت .

داڕژاو : داخست .

| نزیک | تەواو | دوور | بەردەوام |
| --- | --- | --- | --- |
| دام خست _ دامان خست | دام خستووە _ دامان خستووە | دام خستبوو _ دامان خستبوو | دام دەخست _ دامان دەخست |

تێبینی 1 : لە ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندندا ئەگەر کارەکە داڕژاو بوو بە پاشگری ( ەوە ) کاتێک جێناوەکانی کۆمەڵەی یەکەمی دەخەینە سەر ئەوا ناوبەندی ( ت ) دەچێتە پێش پاشگرەکەو لە ڕێژەکانی تردا بە شێوەیەکی ئاسایی پاشگرەکە دەچێتە کۆتایی کارەکە بەبێ زیادکردنی ناوبەند .

نموونە : کردەوە .

| نزیک | تەواو | دوور | بەردەوام |
| --- | --- | --- | --- |
| کردمەوە _ کردمانەوە | کردوومەتەوە _ کردوومانەتەوە | کردبوومەوە _ کردبوومانەوە | دەم کردەوە _ دەمان کردەوە |

لێکدراو : بانگکرد .

| نزیک | تەواو | دوور | بەردەوام |
| --- | --- | --- | --- |
| بانگم کرد _ بانگمان کرد | بانگم کردووە _ بانگمان کردووە | بانگم کردبوو _ بانگمان کردبوو | بانگم دەکرد _ بانگمان دەکرد |

تێبینی 2 : نەرێ کردن لە کاری ڕابردووی تێ پەڕی داڕژاو و لێکدراو بۆ هەموو ڕێژەکانی ڕاگەیاندن بە ئامرازی ( نە ) دەبێت و نیشانەی نەرێ دەکەوێتە دوای جێناوە لکاوەکە .

داڕژاو : داخستن : نەرێ .

| نزیک | تەواو | دوور | بەردەوام |
| --- | --- | --- | --- |
| دام نەخست_دامان نەخست | دام نەخستووە_دامان نەخستووە | دام نەخستبوو_دامان نەخستبوو | دام نەدەخست_دامان نەدەخست |

لێکدراو : بانگکرد : نەرێ .

| نزیک | تەواو | دوور | بەردەوام |
| --- | --- | --- | --- |
| بانگم نەکرد_بانگمان نەکرد | بانگم نەکردووە_بانگمان نەکردووە | بانگم نەکردبوو_بانگمان نەکردبوو | بانگم نەدەکرد_بانگمان نەدەکرد |

**ب** : کۆمەڵەی دووەمی جێناوە لکاوەکان لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنەپەڕ لە شێوازی ڕاگەیاندندا بەم شێوەیە بەکاردێت :

1 – ئەگەر کارەکە ڕابردووی تێ نەپەڕی ( سادە ، داڕژاو ، لێکدراو ) بوو لە ڕێژەکانی ( نزیک ، دوور ، بەردەوام ) جێناوەکانی کۆمەڵەی دووەم دەچێتە کۆتایی کارەکەوە ، بەڵام لە ڕێژەی ڕابردووی ( تەواو )دا جێناوە لکاوەکان دەچێتە نێوان نیشانەی تەواویەوە .

هەروەها نەرێ کردن بۆ هەموو ڕێژەکان بە ( نە ) دەکرێت ، بەڵام لەباری( سادە )دا نیشانەی نەرێ دەچێتە سەرەتاوە ، لەباری ( داڕژاو ، لێکدراو )دا نیشانەی نەرێ دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کار .

نموونە : سادە : هات .

| نزیک | تەواو | دوور | بەردەوام |
| --- | --- | --- | --- |
| هاتم _ هاتین | هاتوومە _ هاتووینە | هاتبووم _ هاتبووین | دەهاتم _ دەهاتین |

نموونە : داڕژاو : ڕاهاتن .

| نزیک | تەواو | دوور | بەردەوام |
| --- | --- | --- | --- |
| ڕاهاتم _ ڕاهاتین | ڕاهاتوومە _ ڕاهاتووینە | ڕاهاتبووم _ ڕاهاتبووین | ڕادەهاتم _ ڕادەهاتین |

نموونە : لێکدراو : سەرکەوتن .

| نزیک | تەواو | دوور | بەردەوام |
|---|---|---|---|
| سەرکەوتم _ سەرکەوتین | سەرکەوتوومە _ سەرکەوتووینە | سەرکەوتبووم _ سەرکەوتبووین | سەردەکەوتم _ سەردەکەوتین |

سادە : نەرێ : هاتن .

| نزیک | تەواو | دوور | بەردەوام |
|---|---|---|---|
| نەهاتم _ نەهاتین | نەهاتوومە _ نەهاتووینە | نەهاتبووم _ نەهاتبووین | نەدەهاتم _ نەدەهاتین |

دارڕژاو : نەرێ : ڕاهاتن .

| نزیک | تەواو | دوور | بەردەوام |
|---|---|---|---|
| ڕانەهاتم _ ڕانەهاتین | ڕانەهاتوومە _ ڕانەهاتووینە | ڕانەهاتبووم _ ڕانەهاتبووین | ڕانەدەهاتم _ ڕانەدەهاتین |

تێبینی : ئەگەر کارەکە بە پاشگری ( ەوە ) کۆتایی هاتبوو لە ڕابردووی ( تەواو )دا کاتێ جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی دووەم زیاد دەکەین ناوبەندی ( ت ) دەکەوێتە پێش پاشگرەکەوە ، بەڵام لە ڕێژەکانی تردا پێویستی بە ناوبەند نیە .

نموونە : هاتنەوە

| نزیک | تەواو | دوور | بەردەوام |
|---|---|---|---|
| هاتمەوە _ هاتینەوە | هاتوومەتەوە _ هاتووینەتەوە | هاتبوومەوە _ هاتبووینەوە | دەهاتمەوە _ دەهاتینەوە |

پ/ کەی جێناوی لکاوی ڕێژەی کار بۆ کەسی سێیەمی تاک دەرناکەوێت ؟ لە چ ڕێژەیەکدا ؟ بە نموونە ڕوونی بکەرەوە.

وەڵام : جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک دەرناکەوێت لەگەڵ کاری ڕابردووی ( ڕاگەیاندن و دانانی ) چونکە هیچ جێناوێکی لکاوی بەرامبەر نیە.

نموونە : هات.

| | |
|---|---|
| هاتم _ هاتین | هاتبام _ هاتباین |
| هاتیت _ هاتن | هاتبایت _ هاتبان |
| هات∅ _ هاتن | هاتبا∅ _ هاتبان |

ج : بە کارهێنانی جێناوەکانی کۆمەڵەی سێیەم لەگەڵ شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن .

* جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی سێیەم لە شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن داهەمیشە لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕی { سادەو دارڕژاو و لێکدراو } دا بەکاردێت و دەکەونە کۆتایی ڕەگی کار لە حاڵەتی ( نەرێ )شدا.

ڕانەبردووی ڕاگەیاندن / سادە ← دە + ڕەگ + ک3 ( نەرێ ) کردنیش بە ئامرازی ( نا ) دەبێت و جێگای ( دە ) دەگرێتەوە.

تێ پەڕ ← هێنا ← دەهێنم _ دەهێنین ← نەرێ ← ناهێنم _ ناهێنین

تێ نەپەڕ ← سووتا ← دەسووتێم _ دەسووتێین ← نەرێ ← ناسووتێم _ ناسووتێین

---

دارڕژاو و لێکدراو  بەشی یەکەمی کار+ دە + ڕەگ + ک3

دارڕژاو ← تێ پەڕ ← هەڵکرد ← هەڵدەکەم _ هەڵدەکەین ← نەرێ ← هەڵناکەم _ هەڵناکەین

دارڕژاو ← تێ نەپەڕ ← بەجێمان ← بەجێ دەمێنم_بەجێ دەمێنین ← نەرێ ← بەجێ نامێنم_بەجێ نامێنین

لێکدراو ← تێ پەڕ ← جێگا گرت ← جێگا دەگرم_جێگا دەگرین ← نەرێ ← جێگا ناگرم _ جێگا ناگرین

لێکدراو ← تێ نەپەڕ ← سەرکەوت ← سەردەکەوم_سەردەکەوین ← نەرێ ← سەرناکەوم _ سەرناکەوین

# بەکارهێنانی جێناوە لکاوەکان لەگەڵ شێوازی ڕێژەی دانانی

**أ** کۆمەڵەی یەکەمی جێناوە لکاوەکان لەگەڵ کاری ڕابردووی تێ پەڕی { سادە - دارِژاو – لێکدراو } لە شێوازی دانانی دا بە هەموو ڕێژەکانیەوە بەم شێوەیە بەکاردێت.

1 – لەگەڵ کاری ڕابردووی تێ پەڕ لە ڕێژەکانی { نزیک – دوور – تەواو }دا لە باری سادە جێناوەکانی کۆمەڵەی یەکەم دەچنە سەر کۆتایی ڕێژەکە لە کاتی ( نەرێ ) کردنیشدا جێناوەکان دەکەونە دواى نیشانەی ( نە )ی نەرێ.

نموونە : سادە : هێنا

| نزیک | تەواو | دوور |
|---|---|---|
| هێنابام – هێنابامان | هێنابێتم – هێنابێتمان | هێنابووبام – هێنابووبامان |
| نەرێ: | | |
| نەم هێنابا – نەمان هێنابا | نەم هێنابێت – نەمان هێنابێت | نەم هێنابووبا – نەمان هێنابووبا |

2 – ئەگەر کارەکە ڕابردووی تێ پەڕی ( نزیک – دوور – تەواو )بوو لە باری ( دارِژاو و لێکدراو )دا جێناوەکان دەچنە سەر بەشی یەکەمی کار و نیشانەی ( نە ) نەرێ دەچێتە دوای جێناوەکە.

نموونە : دارِژاو : ڕاهێنان

| نزیک | تەواو | دوور |
|---|---|---|
| ڕام هێنابا – ڕامان هێنابا | ڕام هێنابێت – ڕامان هێنابێت | ڕام هێنابووبا – ڕامان هێنابووبا |
| نەرێ: | | |
| ڕام نەهێنابا – ڕامان نەهێنابا | ڕام نەهێنابێت – ڕامان نەهێنابێت | ڕام نەهێنابووبا – ڕامان نەهێنابووبا |

تێبینی : ئەگەر کارەکە دارِژاوبوو بە پاشگری ( ەوە ) ئەوا جێناوە لکاوەکان دەکەونە پێش پاشگرەکەوە ، بەڵام ئەگەر کارەکە دارِژاوبوو بە پێشگر و پاشگر ئەوا جێناوە لکاوەکان دەچنە سەر بەشی یەکەمی کار .

نموونە : دارِژاو بە پاشگری ( ەوە ) : هێنانەوە

نموونە : دارِژاو بە پاشگر و پێشگر : ڕاهێنانەوە

| نزیک | تەواو | دوور |
|---|---|---|
| هێنابامەوە – هێنابامانەوە | هێنابێتمەوە - هێنابێتمانەوە | هێنابووبامەوە - هێنابووبامانەوە |

| نزیک | تەواو | دوور |
|---|---|---|
| ڕام هێنابایەوە - ڕامان هێنابایەوە | ڕام هێنابێتەوە - ڕامان هێنابێتەوە | ڕام هێنابووبایەوە - ڕامان هێنابووبایەوە |

نموونە : لێکدراو : بانگ کرد

| نزیک | تەواو | دوور |
|---|---|---|
| بانگم کردبا – بانگمان کردبا | بانگم کردبێت – بانگمان کردبێت | بانگم کردبووبا – بانگمان کردبووبا |
| نەرێ: | | |
| بانگم نەکردبا – بانگمان نەکردبا | بانگم نەکردبێت – بانگمان نەکردبێت | بانگم نەکردبووبا – بانگمان نەکردبووبا |

**ب** کۆمەڵەی دووەمی جێناوە لکاوەکان لەگەڵ کاری ڕابردووی تێ نەپەڕ لە شێوازی ڕێژەی دانانی دا بەم شێوەیە بەکاردێت .

* کۆمەڵەی دووەم لەگەڵ کاری ڕابردووی تێ نەپەڕی ( نزیک – تەواو – دوور ) لە باری سادە و دارِژاو و لێکدراودا دەچنە سەر کۆتایی کارەکە ئەگەر ( نەرێ )ش بێت , نیشانەی ( نەرێ ) لە باری سادەدا دەچێتە سەرەتاوە و لە باری دارِژاو و لێکدراودا دەچنەسەر بەشی یەکەمی کار .

نموونە : سادە : هات : هاتن

| نزیک | تەواو | دوور |
|---|---|---|
| هاتبام – هاتباین | هاتبێتم – هاتبێتین | هاتبووبام – هاتبووباین |

دارڕژاو : ڕاهات

| نزیک | تەواو | دوور |
|---|---|---|
| ڕاهاتبام – ڕاهاتباین | ڕاهاتبێتم – ڕاهاتبێتین | ڕاهاتبووبام – ڕاهاتبووباین |
| نەرێ: | | |
| ڕانەهاتبام – ڕانەهاتباین | ڕانەهاتبێتم – ڕانەهاتبێتین | ڕانەهاتبووبام – ڕانەهاتبووباین |

لێکدراو : سەرکەوتن : سەرکەوت

| نزیک | تەواو | دوور |
|---|---|---|
| سەرکەوتبام – سەرکەوتباین | سەرکەوتبێتم – سەرکەوتبێتین | سەرکەوتبووبام – سەرکەوتبووباین |
| نەرێ: | | |
| سەرنەکەوتبام – سەرنەکەوتباین | سەرنەکەوتبێتم – سەرنەکەوتبێتین | سەرنەکەوتبووبام – سەرنەکەوتبووباین |

**ج** جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی سێیەم لە شێوازی ڕێژەی دانانی دا لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێ پەڕ و تێ نەپەڕی سادە و دارڕژاو و لێکدراو بەکاردێت و جێناوەکان دەکەوێتە کۆتایی ڕەگی کارەکە لە حاڵەتی ( نەرێ ) کردنیش دا .

ڕانەبردووی دانانی : **بـ + ڕەگ + ک3** سادە: نەرێ کردن بە ( نە ) دەبێت و جێگای ( بـ ) دەگرێتەوە .

سادە :

تێ پەڕ > هێنان > بهێنم _ بهێنین — نەرێ : نەهێنم _ نەهێنین .

تێ نەپەڕ > سووتان > بسووتێم _ بسووتێین — نەرێ : نەسووتێم _ نەسووتێین .

دارڕژاو :

تێ پەڕ > هەڵکردن > هەڵبکەم _ هەڵبکەین — نەرێ : هەڵنەکەم _ هەڵنەکەین .

تێ نەپەڕ > بەجێمان > بەجێ بمێنم _ بەجێ بمێنین — نەرێ : بەجێ نەمێنم _ بەجێ نەمێنین .

لێکدراو :

تێ پەڕ > جێگا گرتن > جێگا بگرم _ جێگا بگرین — نەرێ : جێگا نەگرم _ جێگا نەگرین .

تێ نەپەڕ > سەرکەوتن > سەربکەوم _ سەربکەوین — نەرێ : سەرنەکەوم _ سەرنەکەوین .

**تێبینی** : چ کاتێك جێناوی لکاوی ( ات – ێت ) لە ك3 وەکو ڕێژەی کار بەکاردێن ؟

1 – ( ات ) کاتێك بەکاردێت ئەگەر کۆتایی ڕەگی کارەکە هاتبوو بە پیتی بزوێنی ( ە , ۆ )

**نموونە** : کردن کـە دەکات . خواردن خـۆ دەخوات .

2 – ( ێت ) کاتێك بەکاردێت ئەگەر کۆتایی ڕەگی کار بە پیتی بزوێنی ( ە , ۆ ) نەهاتبوو, وە کۆتایی بە هەر پیتێکی تر هاتبوو ئەوا ( ێت ) بەکاردێت .

**نموونە** : ڕشتن ڕێژ دەڕێژێت .

# شێوازی ڕێژەی داخوازی

سێیەم : شێوازی ڕێژەی داخوازی : ئەو ڕێژەیەیە کە قسەکەر بە شێوەی داوا و فەرمان داوا لە کەسی دووەمی تاک و کۆ دەکات بۆ جێبەجێ کردنی یان جێبەجێ نەکردنی کارێک و جێناوەکانیش ئەرکی بکەر دەبینێت .

شێوازی ڕێژەی داخوازی بەم شێوەیە دروست دەکرێت :

بـ + ڕەگ + ک4
- ە -ج.لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک
- ن –ج.لکاو بۆ کەسی دووەمی کۆ

نموونە : کڕین
- بکڕە – پەرتووکەکە بکڕە .
- بکڕن – پەرتووکەکان بکڕن .

تێبینی یەک : ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی هاتبوو بە پیتە بزوێنەکانی ( وو – ۆ – ی – ێ – ە ) ئەوا جێناوی لکاوی (ە) بۆ کەسی دووەمی تاک دەرناکەوێت .

نموونە : خواردن ← خۆ ← بخۆ .

نووستن ← نوو ← بنووە . ( ە ) دەرناکەوێت .

تێبینی دوو : ئەو چاوگانەی کە بە پاشگری ( ەوە ) کۆتاییان هاتووە واتە داڕژاون کاتێک کاری داخوازیان لێ دروست دەکرێت بۆ کەسی دووەمی تاک پێویستمان بە ناوبەندی ( ر ) دەبێت و دەکەوێتە پێش پاشگرەکەوە .

نموونە : خوێندنەوە ← بـ + خوێن + ە + ر + ەوە = بخوێنەرەوە .

کردنەوە ← بـ + کە + ە + ر + ەوە = بکەرەوە .

ئەم وشانە لە دەستوور لادەدەن کاتێک کاری داخوازیان لێ دروست دەکرێت : { هاتن ، چوون ، ویستن , گوتن }

تێ بی نی : چاوگی ( چوون ) کاتێک کاری داخوازی لێ دروست دەکەین بۆکەسی دووەمی تاک لە دەستور لادەدات .

نموونە : چوون ← بـ + چ + ە = بچۆ ← لێرەدا جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک دەرنەکەوتووە چونکە ( ە ) گۆڕاوە بۆ ( ۆ ) .

بـ + چ + ن = بچن .

※ لەگەڵ کاری داڕژاو و لێکدراوی داخوازی نیشانەی ( بـ )ی داخوازی دەکەوێتە دواي بەشی یەکەمی کار .

نموونە : داخستن ← دابخە _ دابخەن .

سەرکەوتن ← سەربکەوە _ سەربکەون .

تێ بی نی : ( نەرێ ) کردن لە کاری داخوازی دا بە ( مە ) دەبێت ، شوێنی ( بـ ) دەگرێتەوە .

نموونە : بنوسە ← مەنوسە _ مەنوسن .

دابخە ← دامەخە _ دامەخەن .

پ : لە چاوگی ( هاتنەوە ) کاری داخوازی دروست بکە .

بـ + ێ + ە + ر + ەوە = بێرەوە .

بـ + ێ + ن + ەوە = بێنەوە .

پ : لە چاوگی ( چوونەوە ) کاری داخوازی دروست بکە .

بـ + چ + ە + ر + ەوە = بچۆرەوە .

بـ + چ + ن + ەوە = بچنەوە .

پ : لە چاوگی ( بردن ) شێوازی ڕێژەی داخوازی بۆ کەسی دووەمی کۆ و شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی دووەمی کۆ دروست بکە .

شێوازی ڕێژەی داخوازی بۆ کەسی دووەمی کۆ : ببەن .

شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی بۆ کەسی دووەمی کۆ : ببەن .

لە ئاستی ڕستە جیای دەکەینەوە بە هۆی کاری یاریدەدەر و وشەی یاریدەدەر .

پەرتووکەکان ببەن . ⟵ شێوازی ڕێژەی داخوازی بۆ کەسی دووەمی کۆ .

پێویستە پەرتووکەکان ببەن . ⟵ شێوازی ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی بۆ کەسی دووەمی کۆ .

# ڕستەی ئاوێتەی مەرجی

چوارەم : شێوازی مەرجی .

ڕستەی ئاوێتەی مەرجی لە دوو ڕستە پێکدێت :-

1 – ڕستەی کاری مەرج ( پاڕستە ) : ڕوودان و بە ئەنجام گەیاندنی کاری ئەم ڕستەیە مەرجە بۆ ڕوودانی کاری ڕستەی ( وەڵامی مەرج )( شاڕستە )

2 – ڕستەی وەڵامی مەرج ( شاڕستە ) : ڕستەیەکی سەرەکیەو ڕوودان و بە ئەنجام گەیاندنی کاری ئەم ڕستەیە بەستراوەتەوە بە ڕوودانی کاری ( ڕستەی کاری مەرج ( پاڕستە ))

* لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجدا ئامرازی لێکدەری ( تا ، هەتا ، کەی ، کە ، هەکە ، ئەگەر ، ئەگینا ، چونکە ، هەتاوەکو ، تاوەکو ، ئینجا ، دەنا ...... هتد ) پێیان دەوترێت ئامرازی لێکدەری مەرج و هەمیشە لە پێش ڕستەی کاری مەرج (پاڕستە) دا دێن واتا لەگەڵ کام بەشی ڕستەکە هاتن ئەوا پاڕستەیە واتا کاری مەرج .

نموونە : تا ئارەقە نەڕێژیت ، شیرینی ناچێژیت .

تێبینی : ( کار ) لە ڕستەی ئاوێتەی مەرج دا ڕێژە و دەستووری تایبەت بەخۆی نیە ، بەڵکو هەمان ئەو ڕێژانەن کە لە شێوازی ڕێژەکانی ( ڕاگەیاندن ، دانانی ، داخوازی ) بەکاردێت ، بەڵام لێرەدا بۆ مەبەستی مەرج بەکاردێت .

## ڕستەی ئاوێتەی مەرج

تێبینی : گرینگ نییە ڕێژەکان ڕابردوو و یان ڕانەبردوو ( ئەریٚ ) یان ( نەریٚ ) بێت .

**ڕستەی کاری مەرج ( پاڕستە )**

* هەمیشە کاری ( پاڕستە ) کارێکی ( دانانی و ڕاگەیاندنە )ە .

* هەمیشە ئامرازی لێکدەری مەرجی لەگەڵ بەکاردێت کە ئەمانەن : ( تا ، هەتا ، کەی ، ئەگەر ، ئەگینا ..... هتد )

* بەزۆری لە سەرەتای ڕستەوە دێت .

**ڕستەی وەڵامی مەرج ( شاڕستە )**

* هەمیشە کاری ( شاڕستە ) کارێکی ( ڕاگەیاندن وداخوازیە )

* هیچ کاتێک ئامرازی لێکدەری مەرجی لەگەڵ بەکارنایەت .

* دەگونجێ هەندێ جار لە سەرتای ڕستەوە بێت .

ڕابردووی ڕاگەیاندن ← ڕانەبردووی ڕاگەیاندن

نموونە : کە زستان هات ، باران دەبارێت .
ڕستەی کاری مەرج | ڕستەی وەڵامی مەرج

نموونە : ئەگەر یەکبگرین ، سەردەکەوین .
ڕستەی کاری مەرج | ڕستەی وەڵامی مەرج

نموونە : کە بەباشی بخوێنین ، سەردەکەوین .
ڕستەی کاری مەرج | ڕستەی وەڵامی مەرج

نموونە : ئەگەر دەتەوێت بژیت ، تێبکۆشە .
ڕستەی کاری مەرج | ڕستەی وەڵامی مەرج

ڕانەبردووی ڕاگەیاندن داخوازی

تێ بی نی : لە ڕستەی ئاوێتەی مەرج دا بە شێوەیەکی گشتی ڕستەی کاری مەرج ( پارستە ) دەکەوێتە سەرەتای ڕستەوە ، بەڵام دەگونجێ هەندێ جاریش ڕستەی وەڵامی مەرج ( شارستە ) بکەوێتە سەرەتای ڕستەوە .

نموونە : بخوێنە ، بەڵکو دەربچیت .
ڕستەی کاری مەرج
ڕستەی وەڵامی مەرج
داخوازی

نموونە : باشتر فێردەبین ، ئەگەر بچینە خوێندنگە .
ڕستەی وەڵامی مەرج | ڕستەی کاری مەرج

# کاری چاوگی (بوون)

چاوگی بوون وەکو هەموو چاوگێکی تر سەرچاوەیە بۆ دروستبوونی کاری ( ڕابردوو ، ڕانەبردوو ) کە بریتین لە
کاری چاوگی بوون لە ڕستەدا بەم شێوەیە دەردەکەوێت :

بوو ← ڕابردوو
ە ← بۆ ئێستا
دەبێت ← داهاتوو
ڕانەبردوو

یەکەم – کاری تەواوی تێ پەڕ . بکەر + بەرکار + کار
دووەم – کاری تەواوی تێ نەپەڕ . بکەر + کار
سێیەم – کاری ناتەواو . نیهاد + ت.کاری ناتەواو + کار
چوارەم – کاری یاریدەدەر . کار + کار ( دانانی )

تێبینی : منداڵبوون جیاوازە لە لەدایکبوون
وشەی لەدایکبوون لێکدراوەو دەبێتە کاری تەواوی تێنەپەڕ .

یەکەم :- کاری تەواوی تێ پەڕ : بە دوو شێوە دەردەکەوێت . بکەر + بەرکار + کار

1 – ئەگەر چاوگی ( بوون ) بە واتای ( خاوەندارێتی ) هات ئەوا دەبێتە کارێکی تەواوی تێ پەڕ .

نموونە / پەرتووکم هەبوو ، پەرتووکم هەیە ، پەرتووکم دەبێت .
پەرتووکم نەبوو ، پەرتووکم نییە ، پەرتووکم نابێت .

2 – ئەگەر چاوگی ( بوون ) بە واتای ( منداڵبوون ) هات ئەوا دەبێتە کارێکی تەواوی تێ پەڕ و لە شێوەی ( بوو ، دەبێت ) دەردەکەوێت .

نموونە / ئافرەتەکە منداڵی بوو ، ئافرەتەکە منداڵی دەبێت .

ئافرەتەکە منداڵی نەبوو , ئافرەتەکە منداڵی نابێت .

دووەم :- کاری تەواوی تێ نەپەڕ : لە ڕستەدا بە دوو شێوە دەردەکەوێت . **بکەر + کار**

1 – ئەگەر بە واتای ( بوون یاخود وجود ) هات لە ڕستەدا ئەوا دەبێتە کارێکی تەواوی تێ نەپەڕ .

نموونە / من لە گرووپەکەدا هەبووم ، ئەو لە تیپەکەدا هەیە ، ئەو لە تیپەکەدا دەبێت .

2 – ئەگەر کاری ( بوو ، دەبێت ) بەژداربوو لە دروستکردنی کاری دارڕاو و لێکدراو یاخود کاری ( بوو ، دەبێت ) دارڕاو بوو یان لێکدراو بوو ئەوا دەبێتە کاری تەواوی تێ نەپەڕ . هەروەها کاری ( ە ) لێرەدا نیە .

تێبینی : پاشگر ( ەوە )ی پێوەبوو ئەوا تەواوی تێنە پەڕە

نموونە / دەرگاکە بووەوە , دەرگاکە دەبێتەوە .

نموونە / بۆ دارڕاو / پێشگر + بوو ، دەبێت = ئۆتۆمبێلەکە هەڵبوو ، ئۆتۆمبێلەکە هەڵدەبێت .

= منداڵەکە لەخەو ڕابوو ، منداڵەکە لەخەو ڕادەبێت .

ڕا ، هەڵ ، پێ ، دەر , دا

پەیدا ، نقوم ، لەدایک ، ئاشکرا ، تەواو ، شین ، سوار ....هتد .

نموونە / بۆ لێکدراو / وشە + بوو ، دەبێت = منداڵەکە لە دایک بوو ، منداڵەکە لە دایک دەبێت .

= گیا سەوز بوو ، گیا سەوز دەبێت .

سێیەم :- کاری ناتەواو . **نیهاد + ت.کاری ناتەواو + کار**

هەریەکە لە کارەکانی ( ە ، بوو ، دەبێت ) وەکو کاری ناتەواو لە ڕستەدا بە تەنها ناتوانن واتای ڕستەکە تەواوبکەن بۆ تەواوکردنی پێویستی بە وشەی تر هەیە وشەکەش دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو .

بەم وشانە تەواودەکرێت :- وشەکانیش ( ناو ، جێناو ، هاوەڵناو ، هاوەڵکار ، چاوگ )

تەواوکردنەکەش بە دوو شێوە دەبێت :-

1 – تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواو بەبێ ئامراز .

2 – تەواوکەری بەیاریدە لەڕێگەی ئامرازەوە .

| | تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواو (بەبێ ئامراز) | تەواوکەری بەیاریدە بە ڕێگەی ( ئامراز ) |
|---|---|---|
| ناو | ئاری ئەندازیار بووە/ە | ئاری بوو بە ئەندازیار ، پەرتووکەکەم بۆ ئاری بووە/ە/دەبێت |
| چاوگ | پیشەی ئێمە خوێندن بووە/ە/دەبێت | پێشکەوتنمان بە خوێندن بووە/ە/دەبێت |
| هاوەڵناو | منداڵەکە زیرەکە/دەبێت/بوو | هاوەڵناو تەنها دەبێتە تەواوکەری ڕاستەوخۆی کار نابێتە تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو. |
| هاوەڵکار | تاقیکردنەوەکە بەرۆژ بووە/ە/دەبێت<br>ئەم ( بە ) یە بەشێکە لە وشەکە | هاوەڵکار تەنها دەبێتە تەواوکەری ڕاستەوخۆی کارو نابێتە تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو لەناو هاوەڵکارەکانیش هاوەڵکاری کاتی و شوێنی ئەو ڕۆڵە دەبینن. |
| گرێی ناوی | ڕاوچییەکە ئارازی کوڕم بوو | دیاریەکە بە ئارازی کوڕم بوو |
| جێناویش دەتوانێت ببێت بە تەواوکەری کاری ناتەواو بەم شێوەیە | | |
| 1 -ج.سەربەخۆ | ئەوە من بووم. | ئەوە بۆ من بووە/ە/دەبێت. |
| 2 – ج.خۆیی | پیاوە چاکەکە خۆم بووم. | پیاوە چاکەکە بۆ خۆم بووم ، دیاریە چاکەکە بەخۆم بووە/ە/دەبێت. |
| 3 – ج.نادیار | پیاوە چاکەکە فڵان بووە/ە/دەبێت. | هەواڵەکە بۆ فڵان بووە/ە/دەبێت. |

| | | |
|---|---|---|
| 4 – ج. پرس | وەرزشوانە سەرکەوتووەکە کێ بوو/ە/دەبێت؟ | خەڵاتەکە بۆ کێ بوو/ە/دەبێت؟ |
| 5 – ج. هەیی | ئۆتۆمبێلەکە هی من بوو/ە/دەبێت. | ئۆتۆمبێلەکە لە هی من بوو/ە/دەبێت. |
| 6 – ج. نیشانە | وەرزشوانە سەرکەوتووەکە ئەمە بوو/ە/دەبێت. | خەڵاتەکە بۆ ئەمە بوو/ە/دەبێت. |

جێناوی هەیی ڕاستەوخۆ ئەرکی تەواوکەری کاری ناتەواو نابینێت ،
بەڵکو لەگەڵ دیارخەرەکەی ئەرکی تەواوکەری کاری ناتەواو دەبینێت .

تێبینی : کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا ( ە ) لە دوو باردا لە ڕستەدا دەرناکەوێت .

أ – ئەگەر جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی دووەم لە ڕستەدا بە ئاشکرا دەرکەوتن کاری ناتەواوی ( ە ) دەکەوێتە نێوان ئەو وشەیەی کە جێناوە لکاوەکەیە و دەرناکەوێت، تەنها لە کەسی سێیەمی تاک دا دەردەکەوێت .

نموونە : من خوێندکارم _ ئێمە خوێندکارین

تۆ خوێندکاریت _ ئێوە خوێندکارن    لە مانەدا دەرناکەوێت ، بەڵام دەکەوێتە پێش جێناوە لکاوەکە.

ئەو خوێندکارە _ ئەوان خوێندکارن.    نموونە : من خوێندکارم.

ب – ئەگەر نیهادی ڕستەکە لە تاکەوە بکرێت بە کۆ . نموونە : شاخەکە بەرزە ← شاخەکان بەرزن .

پ / کەی کاری ناتەواوی ( ە ) لە ڕستەدا دەردەکەوێت ؟

وەڵام : 1 – ئەگەر نیهاد لە ڕستەدا ناوێکی تایبەتی بوو .    نموونە : هەڵگورد شاخێکی بەرزە .

2 – نیهاد تاک بێت .    نموونە : خوێندکارەکە زیرەکە .

3 – نیهاد جێناوی کەسی سەربەخۆ بۆ سێیەمی تاک بێت .    نموونە : ئەو دڵخۆشە .

※ کاری چاوگی ( بوون ) بەم شێوەیە نەرێ دەکرێت .

بۆ ڕابردوو ( بوو ) بە ئامرازی ( نە ) نەرێ دەکرێت .

نموونە : خوێندکارەکە زیرەک بوو ← خوێندکارەکە زیرەک نەبوو .

بۆ ڕانەبردوو بۆ کاتی ئێستا ( ە ) بە ئامرازی ( نی ) نەرێ دەکرێت .

نموونە : خوێندکارەکە زیرەک نییە .    نی + ی + ە = نییە .


بۆ ڕانەبردوو بۆ کاتی داهاتوو ( دەبێت ) بە ئامرازی ( نا ) نەرێ دەکرێ .

نموونە : خوێندکارەکە زیرەک دەبێت ← خوێندکارەکە زیرەک نابێت .

چوارەم :- کاری یاریدەدەر : ( کار + کار (دانانی) ) چاوگی ( بوون ) وەکو کاری یاریدەدەر دەردەکەوێت ئەگەر کاری ڕستەکە دانانی بوو بە سێ شێوە دەردەکەوێت . ( دەبوو ، دەبوایە ، دەبێت ) . وە نەرێ کردنەکەش بەم شێوەیە ( نەدەبوو ، نەدەبوایە ، نابێت )

- دەبوو وانەکەمان خوێندبا ، دەبوو وانەکەم خوێندبووبا .
- دەبوایە وانەکەمان خوێندبا . دەبوایە وانەکەم نوسیبا .
- دەبێت پێنووسەکە بکڕم . دەبێت باخەکە ئاوبدەم .

# ئەرکی ( ه ) لە ڕێزمانی کوردیدا




1 – دەبێتە کاری ناتەواو لە ڕستەی سادەدا ، ئەگەر کاری سەرەکی لە ڕستەدا نەبوو .

ئەگەر توانیمان ( ه ) بگۆڕین بۆ ( بوو ، دەبێت ) بێ ئەوەی مانای ڕستەکە تێکبچێت .

نموونە : بەرزترین لوتکە لە چیاکانی کوردستاندا، ئاراراتە .   پزیشکەکە دڵسۆزە .   منداڵەکە جوانە .

2 – ( ه ) دەبێتە جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک لە کاری داخوازیدا، ئەرکی بکەر ( کارا ) دەبینێت.

نموونە : بخوێنە، تا دەربچیت.   بنوسە بەڵکو فێربیت.   وانەکە بنووسە.   کچەکە بدوێنە .

3 – ( ه ) دەبێتە جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک لەگەڵ کاری ڕانەبردوو لە کرمانجی ژووروودا .

د ، دێ + ڕەگ + ه

نموونە : ئەو چیرۆکێ دنڤیسە .   ئەو دکەڤە .   ئەو دێ کەڤە .

4 – ئامرازی پەیوەندی : دەبێتە ئامرازی پەیوەندی، دەلکێت بە کاری ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی جێگای ئامرازی ( بە ، بۆ ، لە ) دەگرێتەوە .

نموونە : کاوە هات بۆ لامان. ← کاوە هاتە لامان .   بڕۆن بۆ دەرێ. ← بڕۆنە دەرێ .

پ. 2017-2018 خولی یەکەم / لە ڕستەی ( خۆزگە دەنگوباس بگاتە ئێمە ) دا ئەرکی بزوێنی ( ه ) چییە ؟

( Ⓐ کورتکراوەی ( ەکە )ی ناساندنە   Ⓑ ئامرازی ختنەسەرە   Ⓒ ئامرازی پەیوەندییە   Ⓓ جێناوی لکاوە ).

5 – ئامرازی بانگکردن : ئەگەر ( ه ) بەدوای ناوێک دا هات بە مەبەستی بانگکردن بەکار هات .

نموونە : کوڕە ، بخوێنە، بەرچاوت تەمە.   خەڵکینە ، کۆشش بکەن .   دایکە ، بمبە بۆ بازاڕ .

6 – ئامرازی ناساندن : لێرەدا ( ه ) کورتکراوەی ( ەکە )یە.

نموونە : ژنە هەژاربوو، بۆیە دەگریا.   کچە وازی لە خوێندن نەهێناوە.

7 – ئامرازی لێکدەر : ( ە ) دەبێتە ئامرازی لێکدەر بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو .
واتا ئەگەر دوو وشەی واتاداری بەیەکەوە بەستەوە ( وشە + ە + وشە ).

( ە ) لە نێوان دوو وشەدا دێت، هەردوک وشەکە پێک دەبەستێتەوە دەیکاتە وشەیەکی لێکدراو .

نموونە : ڕەشەبا گوڵەگەنم کێوەڕەش گوڵەباغ دەستەسر پیرەمێرد گوڵەهێرۆ .

8 – ئامرازی خستنەسەر : ( ە ) دەبێتە ئامرازی دانەپاڵ و گرێی ناوی دروست دەکات لەوکاتەی کە لە نێوان ناوێکی ناسراو، دیارخراو بە هاوەڵناوی چۆنیەتی دێت .

( ە ) ئەگەر هاتوو لەنێوان دوو وشەدا هات
و گرێی دروست کرد ئەوا دەبێتە
ئا.خستنەسەر = ئا.دانەپاڵ = ئا.خستنە پاڵ

ناو + ئا.خستنەسەر + هاوەڵناو ( ەکە ، ەکان )

نموونە : هەنارە مزرەکە. مەڕە لاوازەکە.

9 – پاشگر : ( ە ) دەبێتە پاشگر بۆ دروستکردنی وشەی نوێ، جا وشەکە ( ناو یان هاوەڵناو ) بێت.

نموونە : چاک + ە = چاکە . سەوز + ە = سەوزە . پیاو + ە = پیاوە . دەست + ە = دەستە .

10 – پاشگر : ( ە ) دەبێتە پاشگر لەگەڵ هەندێک قەدی چاوگ دا بۆ دروستکردنی هاوەڵناوی کراوی دارێژراو .

نموونە : کرد ← کردە . برد ← بردە . کوشت ← کوشتە . گرت ← گرتە .

11 – ( ە ) دەبێتە کەرتی دووەمی هاوەڵناوی نیشانە .

نموونە : ئەم گوڵە جوانە . ئەم گوڵ ە جوانە .

12 – ڕەگی کار : هەندێ جار ( ە ) بەشێکە لە ڕەگی کارەکە . نموونە : کردن > کـە . داخستن > داخـە .

*******************************************************

# ئەرکی جێناوی لکاو وەکو بکەر ( کارا )

جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم لەگەڵ کاری ڕابردووی تێ پەڕ لە ڕستەدا ئەرکی بکەر دەبینێت بەم شێوەیە:-

1 – ئەگەر بەرکار لە ڕستەدا هەبوو ئەوا جێناوەکانی کۆمەڵەی یەکەم ئەرکی بکەر دەبینن و دەکەونە دوای بەرکار ، ئەگەر کارەکە ( سادە - دارِژاو – لێکدراو )ی ( نەرێ )یش بێت .

نموونە : باڵندەکەم گرت . ← نەرێ ← باڵندەکەم نەگرت .
دەفتەرەکەم هەڵگرت . ← نەرێ ← دەفتەرەکەم هەڵنەگرت .

2 – ئەگەر بەرکار لە ڕستەدا باس نەکرابێت یان لابرابێت ئەوا جێناوەکانی کۆمەڵەی یەکەم وەکو بکەر لەگەڵ کاری ڕابردووی ( نزیک و دوور )ی ڕاگەیاندنی سادە دەکەوێتە کۆتایی کارەکە و لە ڕابردووی ( بەردەوام )ی ڕاگەیاندنیش دا دەکەوێتە دوای نیشانەی ( دە ) و لەگەڵ کاری ( تەواو )ی ڕاگەیاندنیش دا دەکەوێتە نێوان نیشانەی تەواویەوە بەم شێوەیە .

ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن / نموونە : پێنوسێکم کڕی ← بەرکار لابە ← کڕیم – کڕیمان .

ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن / نموونە : نانم خواردبوو ← بەرکار لابە ← خواردبووم – خواردبوومان .

ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن / نموونە : پێنوسێکم دەکڕی ← بەرکار لابە ← دەم کڕی – دەمان کڕی .

ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن / نموونە : منداڵەکانم هێناوە ← بەرکار لابە ← هێناوەمە - هێناوومانە .

نەرێ : لەهەموو ڕێژەکانی ڕاگەیاندندا لەحاڵەتی نەرێ لە باری سادەدا جێناوەکانی کۆمەڵەی یەکەم دەچنە دوای نیشانەی ( نە )ی نەرێ .

| نزیک | دوور | بەردەوام | تەواو |
|---|---|---|---|
| نەم کرێ – نەمان کرێ | نەم خواردبوو – نەمان خواردبوو | نەم دەکڕی – نەمان دەکڕی | نەم هێناوە - نەمان هێناوە |

تێبینی : بۆ هەر سەرنج و تێبینیەك دەتوانن لەم پەیجەوە یان لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بەم ئەکاونتەوە ڕوونکردنەوە وەربگرن

{ ڕێزمان و ئەدەبی کوردی پۆلی 12 } { yousif Ismahil }

ڕێژەکانی ڕابردووی (نزیک و دوور و تەواو و بەردەوام )ی ڕاگەیاندن دەکەونە دوای بەشی یەکەمی کارەکەوە بەم شێوەیە .

داڕژاو //

| نزیک | دوور | بەردەوام | تەواو |
|---|---|---|---|
| ڕام خست – ڕامان خست | ڕام خستبوو – ڕامان خستبوو | ڕام دەخست – ڕامان دەخست | ڕام خستووە - ڕامان خستووە |

لێکدراو //

| نزیک | دوور | بەردەوام | تەواو |
|---|---|---|---|
| بانگم کرد – بانگمان کرد | بانگم کردبوو – بانگمان کردبوو | بانگم دەکرد – بانگمان دەکرد | بانگم کردووە - بانگمان کردووە |

* نەرێ لەهەموو ڕێژەکاندا لەباری ( داڕژاو و لێکدراو ) نەرێ کردن وەکو حاڵەتی ئەرێ دەچێتە دواي ج.لکاوی بکەری دوای بەشی یەکەمی کار .

| نزیک | دوور | بەردەوام | تەواو |
|---|---|---|---|
| بانگم نەکرد – بانگمان نەکرد | بانگم نەکردبوو – بانگمان نەکردبوو | بانگم نەدەکرد – بانگمان نەدەکرد | بانگم نەکردووە - بانگمان نەکردووە |

2 – ج.لکاوەکانی کۆمەڵەی دووەم لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنەپەڕی ( سادە و داڕژاو و لێکدراو )ی ئەرێ و نەرێ لە ڕێژەکانی ڕابردووی ( نزیک و دوور و بەردەوام )ی ڕاگەیاندن وەکو بکەر دەکەونە کۆتایی کارەکەوە ، بەڵام لە ڕابردووی ( تەواو )دا ج.لکاوەکانی کۆمەڵەی دووەم وەکو بکەر دەکەونە نێوان نیشانەی تەواویەوە . بەم جۆرە.

سادە :

| نزیک | دوور | بەردەوام | تەواو |
|---|---|---|---|
| چووم – چووین | چووبووم – چووبووین | دەچووم – دەچووین | چوومە - چووینە |
| نەرێ | | | |
| نەچووم – نەچووین | نەچووبووم – نەچووبووین | نەدەچووم – نەدەچووین | نەچوومە - نەچووینە |

پ وزاری 2017-2018 / لە ڕستەی ( بە پەلە ڕۆیشت بۆ هەولێر ) دا چی دەرنەکەوتووە ؟

( Ⓐ تەواوکەری بەیاریدە    Ⓑ بەرکار    Ⓒ دیارخەر    Ⓓ بکەر ).

داڕژاو :

| نزیک | دوور | بەردەوام | تەواو |
|---|---|---|---|
| هەڵچووم – هەڵچووین | هەڵچووبووم – هەڵچووبووین | هەڵدەچووم – هەڵدەچووین | هەڵچوومە - هەڵچووینە |
| نەرێ | | | |
| هەڵنەچووم – هەڵنەچووین | هەڵنەچووبووم – هەڵنەچووبووین | هەڵنەدەچووم – هەڵنەدەچووین | هەڵنەچوومە - هەڵنەچووینە |

لێکدراو :

| نزیک | دوور | بەردەوام | تەواو |
|---|---|---|---|
| سەرکەوتم – سەرکەوتین | سەرکەوتبووم – سەرکەوتبووین | سەردەکەوتم – سەردەکەوتین | سەرکەوتووم - سەرکەوتووینە |
| نەرێ | | | |
| سەرنەکەوتم – سەرنەکەوتین | سەرنەکەوتبووم – سەرنەکەوتبووین | سەرنەدەکەوتم – سەرنەدەکەوتین | سەرنەکەوتووم - سەرنەکەوتووینە |

3 – ج.لکاوەکانی کۆمەڵەی سێیەم لەگەڵ کاری ڕانەبردووی ( سادە ، دارِژاو ، لێکدراو )ی تێ پەڕ و تێ نەپەڕی ئەرێ و نەرێ وەکو بکەر ( کارا ) دەکەونە دوای ڕەگی کار .

**دە + ڕەگ + ج.ک3 وەکو بکەر ( کارا )**

| سادە | دارِژاو | لێکدراو |
|---|---|---|
| دەچم – دەچین | هەڵدەچم – هەڵدەچین | سەردەخەم – سەردەخەین |
| نەرێ | | |
| ناچم – ناچین | هەڵناچم – هەڵناچین | سەرناخەم – سەرناخەین |

4 – جێناوەکانی کۆمەڵەی چوارەم ( ە - ن ) لەگەڵ کاری داخوازی ( سادە و دارِژاو و لێکدراو )ی تێ پەڕ و تێ نەپەڕی ئەرێ و نەرێ وەک بکەر دەکەونە دوای ڕەگی کار .

**بـ + ڕەگی کار + ک4 وەک بکەر**

نموونە : سادە — دارِژاو — لێکدراو

| سادە | دارِژاو | لێکدراو |
|---|---|---|
| بنووسە | دابنیشە | بانگ بکە |
| بنووسن ✓ | دابنیشن ✓ | بانگ بکەن ✗ |

تێبینی گرینگ و ئاسان☺ , هەمیشە هەوڵدەدەین بەجوانترین و ئاسانترین شێوە بابەتەکان بخەینە بەردەستی تۆی خوێنەری بەڕێز , هەمیشە یەکێك لە ئەسیلە وزاریەکان یاخود ئیمتیحانەکانی 60کە یەکێك لەم چوار پرسیارەی خوارەوەی تێدایە .!!!!

پ / جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك لەدووری بکەر دەرناکەوێ لەگەڵ کاری _____

پ / جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك لەدووری بەرکار دەرناکەوێ لەگەڵ کاری _____

پ / جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك لەدووری دیارخەری ناو دەرناکەوێ لەگەڵ کاری _____

پ / جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك لەدووری تەواوکەری بەیاریدە دەرناکەوێ لەگەڵ کاری _____

**جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك لە دووری :**

**( بکەر ) دەرناکەوێ** ← **لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنەپەڕ**

**( بەرکار , ت.بەیاریدە , دیارخەری ناو ) دەرناکەوێ** ← **لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ**

# ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان وەك ( بەرکار )

سەرنج : تەنها جێناوەکانی کۆمەڵەی یەکەم و دووەم دەتوانن ئەرکی بەرکار ببینن , وە لەو بابەتەدا باس باسی کاری تێپەڕە و باسی کاری تێنە پەڕ ناکرێت ( ك1 + ك2 ) دەبنە بەرکار .

سەرنج : یەکەم هەنگاو بەر لە هەموو شتێك سەیری کارەکە بزانە ئایا ڕابردووە یان ڕانەبردووە یان داخوازییە .

***ئەگەر کارەکە ڕابردوو بوو بە دوو شێوە بەرکار دەردەکەوێت ***

یەکەم :- دەگونجێت جێناوی کۆمەڵەی یەکەم ببنە بەرکار , ئەگەر :-

أ / کارەکە سادە بوو دەچێتە کۆتایی کار و پێش بکەر .

نموونە : بردمی _ بردمانی , بردتی _ بردتانی , بردی _ بردیانی .

ب / کارەکە دارێژاو یان لێکدراو بوو جێناوی لکاو دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە .

نموونە بۆ دارێژاو : دا ( م _ مان , ت _ تان , یان )ی مەزراند . ← ئەو منی دامەزراند .

نموونە بۆ لێکدراو : دروست ( م _ مان , ت _ تان , یان )ی کرد . ← ئەو منی دروستکرد .

تێبینی : جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك لە کۆمەڵەی یەکەم لەکاری ڕابردووی تێپەڕی ( سادە , دارێژاو , لێکدراو ) دەرناکەوێ بۆ ئاسان دەربڕین کە ئەرکی بەرکار دەبینێ .

دووەم :- دەگونجێت جێناوی لکاوی کۆمەڵەی دووەم ببێتە بەرکار بەم شێوانەی خوارەوە :-

1 – ئەگەر کارەکە سادە بوو جێناوی لکاوی کۆمەڵەی دووەم دەبێتە بەرکار دەچنە دوای جێناوی بکەر .

أ / ئەگەر جێناوی لکاو لەدەوری بکەر بۆ کەسی یەکەمی ( تاك و کۆ ) واتا ( م _ مان ) بوو ئەوا جێناوەکانی ( یت _ ن , Ø _ ن ) لە کۆمەڵەی دووەم دەبنە بەرکار .

**کار + ك1 بکەر + ك2 بەرکار**

نموونە : گرت + م + ( یت _ ن , Ø _ ن ) , گرت + مان + ( یت _ ن , Ø _ ن ) .

تێبینی : ئەگەر کۆمەڵەی یەکەم وەك بکەر پێش کۆمەڵەی دووەم وەك بەرکار کەوت ئەوە ناکرێ بکەر و بەرکار یەك کەس بن , بەڵام ئەگەر (کۆمەڵەی دووەم وەك بەرکار پێش کۆمەڵەی یەکەم وەك بکەر) کەوت ئەوا ئاساییە بکەر و بەرکار هەمان کەس بن .

ب / ئەگەر جێناوی لکاو لەدەوری بکەر بۆ کەسی دووەمی ( تاك و کۆ ) واتا ( ت _ تان ) بوو ئەوا جێناوەکانی ( م _ ین , Ø _ ن ) لە کۆمەڵەی دووەم دەبنە بەرکار .

**کار + ك1 بکەر + ك2 بەرکار**

نموونە : گرت + ت + ( م _ ین , Ø _ ن ) , گرت + تان + ( م _ ین , Ø _ ن ) .

ج / ئەگەر جێناوی لکاو لەدەوری بکەر بۆ کەسی سێیەمی ( تاك و کۆ ) واتا ( ی _ یان ) بوو ئەوا دوو حاڵەت ( شێواز )مان هەیە .

1 – ئەگەر کارەکە سادە بوو جێناوەکانی ( م _ ین , یت _ ن , Ø _ ن ) دەبنە بەرکار و دەچنە پێش بکەرەکە .

**کار + ك2 بەرکار + ك1 بکەر**

نموونە : کوشت + ( م _ ین , یت _ ن , Ø _ ن ) ی , خوارد + ( م _ ین , یت _ ن , Ø _ ن ) یان

2 – ئەگەر کارەکە ( دارێژاو یان لێکدراو ) بوو ئەوا جێناوەکانی ( م _ ین , یت _ ن , Ø _ ن ) دەبنە بەرکار و ئەوکات دەچێتە کۆتایی کارەکە .

**بەشی یەکەمی کار + ك1 بکەر + کاری سادە+ ك2 بەرکار**

نموونە بۆ دارێژاو : دا + ( ی _ یان ) + مەزراند + ( م _ ین , یت _ ن , Ø _ ن ) .

نموونە بۆ لێکدراو : یارمەتی + ( ی _ یان ) + دا + ( م _ ین , یت _ ن , Ø _ ن ) .

## * ئەگەر کارەکە ڕانەبردوو بوو ( ڕاگەیاندن و دانانی ) *

ئەگەر کارەکە ڕانەبردوو بوو ( ڕاگەیاندن و دانانی ) بزانە چەند جێناو هەیە کامیان کۆمەڵەی یەکەم بوو ئەو بەرکارە , وە بۆ سادە جێناوەکانی کۆمەڵەی یەکەم وەك بەرکار دەکەوێتە دوای نیشانەی ( دە )ی ڕانەبردوو , وە بۆ دارِژاو و لێکدراو دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە .

**کاری ڕانەبردووی تێپەڕ**
( م _ مان , ت _ تان , ی _ یان )

ئەگەر سادە بوو دەچێتە دوای نیشانەی ( دە )ی ڕانەبردوو .
نموونە : دە + ( م _ مان , ت _ تان , ی _ یان ) ناسێت .
نموونە : دە + ( م _ مان , ت _ تان , ی _ یان ) بات .

ئەگەر دارِژاو و لێکدراو بوو دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە .
نموونە : هەڵ + ( م _ مان , ت _ تان , ی _ یان ) دەبژێرێت .
نموونە : بانگ + ( م _ مان , ت _ تان , ی _ یان ) دەکەن .

## * ئەگەر کارەکە داخوازی بوو *

ئەگەر کارەکە داخوازی بوو سەیری دوو جێناوەکە بکە کامیان کۆمەڵەی یەکەم بوو ئەو بەرکارە , وە بۆ سادە جێناوەکانی کۆمەڵەی یەکەم وەك بەرکار دەکەونە دوای نیشانەی ( بـ ) , بەڵام جێناوەکانی ( ت _ تان ) بەژداری ناکات ئاگاداربە ! , وە بۆ دارِژاو و لێکدراو دەکەوێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە .

**کاری داخوازی**
( م _ مان , ی _ یان )

ب + ( م _ مان , ی _ یان ) + ڕەگی کار + ( ە _ ن )
ئەگەر سادە بوو جێناوی لکاو دەچێتە دوای ( بـ )
نموونە : ب + ( م _ مان , ی _ یان ) + گر + ( ە _ ن )

ئەگەر دارِژاو و لێکدراو بوو جێناوی لکاو دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە .
نموونە : ڕا + ( م _ مان , ی _ یان ) + بهێن ( ە _ ن ) .
نموونە : دروست + ( م _ مان , ی _ یان ) + بکە + ( ە _ ن ) .

تێبینی : لە کرما نجی ژووروودا تەنها کۆمەڵەی دووەم دەبن بە بەرکار و لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ دەچنە کۆتایی کارەکەوە .

نموونە : ئازادی ئەز دیتـەم _ ئازادی ئەم دیتـین
ئازادی تو دیتـیت _ ئازادی هوین دیتـن
ئازادی ئەو دیت Ø _ ئازادی ئەو دیتـن .

تێبینی : هەرکاتێك دوو جێناوت بینی وە هەردووکیان کۆمەڵەی یەکەم بوون ئەوا یەکەم بەرکارە و دووەم بکەرە , بەڵام جێناوی لکاوی ( ی ) دەرناکەوێت بۆ کەسی سێیەمی تاك وەك بەرکار بۆ ئاسان دەربرین لەگەڵ کاری ( سادە , دارِژاو , لێکدراو )
نموونە : بردمی ( سادە ) هەڵمی بژارد ( دارِژاو ) سەرمی خست ( لێکدراو ).

# ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان وەك ( تەواوکەری بەیاریدە )

تەواوکەری بەیاریدە : ئەو ( وشە یان جێناوە )یە کە لە ڕستەدا واتای کار تەواو دەکات بەهۆی ئامرازی پەیوەندی .

یاسا ← ئامرازی پەیوەندی + وشە ← تەواوکەری بەیاریدە .

سەرنج : هەمیشە بۆ ئەوەی تەواوکەری بەیاریدە لە ڕستەدا بناسینەوە ئەوا پێویستە ( جێناوی لکاو ) لە ڕستە سەر بە چ ژمارە و کەسێکە بیگەڕێنینەوە سەر جێناوی سەربەخۆیی کەسی , ئینجا هەر جێناوێکی سەربەخۆ کەوتە دوای ئامرازی پەیوەندی ئەوا ئەو جێناوە ( تەواوکەری بەیاریدەیە ) سەر بە هەمان جێناوی لکاوە . << ئا. پەیوەندیەکان وەك : ( بە , بۆ , لە , پێ , تێ , لێ , ژ , ە .... )

نموونە : پێم گەیشت ............ واتە ................ بە من گەیشت ( م , من ) تەواوکەری بەیاریدەیە .

بۆت بنووسم ............ واتە ................ من بۆ تۆ بنووسم ( ت , تۆ ) تەواوکەری بەیاریدەیە .

لێی گەیشتم .......... واتە ................ من لە ئەو گەیشتم ( ی , ئەو ) تەواوکەری بەیاریدەیە .

**تێبینی** : ك1 لەگەڵ کاری ( ڕابردوو و ڕانەبردوو و داخوازی ) تێپەڕ و تێنە پەڕ و ك2 لەگەڵ کاری ( ڕابردووی تێپەڕ ) بەیارمەتی ئا. پەیوەندیەکان ئەرکی تەواوکەری بەیاریدە دەبینن .

ڕابردوو

( م _ مان , ت _ تان , ی _ یان )

**تێپەڕ**

دەچنە دوای ئا. پەیوەندی و ئەرکی تەواوکەی بەیاریدە دەبینن .

نموونە : ڕۆمانەکەی بۆمان هێنا . پێنووسەکەی بۆت کڕی .

بەرکار ، بکەر ، ئا. پەیوەندی ، ت.بەیاریدە

لە هەریەکە لەم نموونانەی سەرەوە کە بەرکار لابدەین جێناوی لکاوی بکەری دەچێتە دوای جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدە .

نموونە : بۆمانی هێنا . بۆتی کڕی .

ت.بەیاریدە ، بکەر

**تێنە پەڕ**

دەچنە دوای بکەر وەك تەواوکەری بەیاریدە .

نموونە : ڕۆمانەکەت بۆ هات . پێنووسەکەم پێگەیشت .

بکەر ، ت.بەیاریدە ، ئا. پەیوەندی

لە هەریەکە لەم ڕستانەی سەرەوەدا ئەگەر بکەر لە ڕستەکەدا نەبوو ئەوا جێناوەکانی ك1 وەك تەواوکەری بەیاریدە دەچنە دوای ئامرازی پەیوەندیەوە .

نموونە : بۆت هات . پێم گەیشت .

ت.بەیاریدە

## ڕانەبردوو

( م _ مان , ت _ تان , ی _ یان )

### تێپەڕ

دەچنە سەر بەرکار

نموونە : پەرتووکەکەیان بۆ دەکڕێت .

بەرکار   ت.بەیاریدە   ئا. پەیوەندی

ئەگەر بەرکار لە ڕستەدا نەبوو ك 1 دەچنە دواى ئامرازى پەیوەندی وەك تەواوکەری بەیاریدە .

نموونە : بۆم دەکڕێت .   بۆت دەخوێنمەوە .

ئا. پەیوەندی   ت.بەیاریدە

### تێنە پەڕ

دەچنە دواى بکەر وەك تەواوکەری بەیاریدە .

نموونە : ڕۆمانەکەت بۆ دێت .   پێنووسەکەم پێدەگات .

بکەر   ت.بەیاریدە   ئا. پەیوەندی

بەڵام ئەگەر بکەر لە ڕستەکەدا نەبوو ئەوا جێناوەکانی ك1 وەك تەواوکەری بەیاریدە دەچنە دواى ئا. پەیوەندیەوە .

نموونە : بۆت دێت .   پێم دەگات .

ت.بەیاریدە

## داخوازی

( م _ مان   ی _ یان )

### تێپەڕ

دەچنە سەر بەرکار

نموونە : پێنووسەکەم بۆ بکڕە .   پەرتووکەکەی پێ بفرۆشن .

بەرکار   ت.بەیاریدە   ئا. پەیوەندی

ئەگەر بەرکار نەبوو یان لامان دا ئەوا ك1 دەچنە دواى ئا. پەیوەندی وەك تەواوکەری بەیاریدە .

نموونە : بۆم بکڕە .   پێی بفرۆشن .

ت.بەیاریدە

### تێنە پەڕ

دەچنە دواى ئامرازى پەیوەندی

نموونە : پێم بگەن .   پێمان بگەن .

ئا. پەیوەندی   ت.بەیاریدە

**تێبینی** :- جێناوی لکاوی ( ت – تان ) لەگەڵ کاری داخوازی دا بەکارنایەت وەك تەواوکەری بەیاریدە .

* جێناوەکانی ك1 وەك تەواوکەری بەیاریدە لەگەڵ کاری بکەر نادیار بەکاردەهێندرێن وە دەچنە سەر جێگری بکەر .

| بکەر نادیار بۆ ڕابردوو | بکەر نادیار بۆ ڕانەبردوو |
|---|---|
| کتێبەکەت بۆ چاپکرا . | کتێبەکەت بۆ چاپدەکرێت . |

* بەڵام ئەگەر جێگری بکەر باسنەکرابوو جێناوەکان دەچنە دوای ئامرازی پەیوەندیەوە .

| بکەر نادیار بۆ ڕابردوو | بکەر نادیار بۆ ڕانەبردوو |
|---|---|
| بۆت چاپکرا . | بۆت چاپدەکرێت . |

تێبینی : هەرکاتێك دوو جێناوی لکاو لە دوای ئا. پەیوەندیەوە هاتن ئەوا جێناوی لکاوی یەکەمیان ( تەواوکەری بەیاریدەیە ) جێناوی لکاوی دووەمیان ( بکەرە ) .

نموونە : بۆمی هێنا . << { ئەو بۆ منی هێنا }

* جێناوەکانی کۆ مەڵەی دووەم تەنها لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ دەبێتە تەواوکەری بەیاریدە و هەمیشە دەچێتە کۆتایی کار .

نموونە : وڵاتیان لێ دابەشکردین . خواردنەکەی بۆ هێنام .

تێبینی : جێناوی لکاوی ك2 ( سێی تاك ) لە دەوری تەواوکەری بەیاریدە لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ دەرناکەوێت .

نموونە : پەرتووکەکەم بۆ هێنا Ø .

## زانیاری بەسوود

1 – هەر جێناوێکی لکاو بگۆڕین بۆ جێناوە سەربەخۆکەی و بێتە سەرەتایی ڕستەکەوە ئەوا ئەو جێناوە لکاوە { بکەر }ە .

2 – هەر جێناوێکی لکاو بگۆڕین بۆ جێناوە سەربەخۆکەی و بکەوێتە دوای یەکەم جێناوەوە ئەو جێناوە لکاو { بەرکار }ە .

3 – هەرجێناوێکی لکاو بگۆڕین بۆ جێناوە سەربەخۆکەی بکەوێتە دوای ئامرازی پەیوەندیەوە ( بە , بۆ , لە , تێ , پێ ... ) ئەوا ئەو جێناوە لکاوە تەواوکەری بەیاریدەیە .

4 – هەر جێناوێکی لکاو بگۆڕین بۆ جێناوە سەربەخۆکەی و بکەوێتە دوای ئامرازی دانە پاڵی ( ی ) ئەوا ئەو جێناوە لکاوە دیارخەری ناوە .

# هاوەڵناو لەڕووی بنچینەی وشەکانیەوە

**هاوەڵناو** : ئەو وشەیەیە کە دەبێتە دیارخەری ( ناوێک یا جێناوێک یا ئاوەڵناوێکیتر ) یان تەواوکەری کاری ناتەواو کەواتە ئاوەڵناو وەسفی شتێک دەکات و جیایان دەکاتەوە .

> بەزۆری ئاوەڵناوەکان بریتین لە ( ژمارە , پێچەوانە , ڕەنگ , تام ... ) بەڵام خودی ( ڕەنگ و تام و ژمارە ) ناون .

هاوەڵناو دوو جۆرە : 1 – سادە     2 – ناسادە ( دارِژاو و لێکدراو )

**یەکەم / هاوەڵناوی سادە** : ئەو هاوەڵناوەیە کە لە وشەیەکی سادەی واتاداری سەربەخۆ پێکدێت ، دەبێتە دیارخەری ( ناوێک یا جێناوێک یا ئاوەڵناوێکی تر ) یا تەواوکەری کاری ناتەواو .

> هاوەڵناو دوو ئەرک دەبینێت:
> 1- دیارخەر 2- تەکاری ناتەواو

**نموونە** : گوڵی سپی جوانە     کوڕی ژیر خۆشەویستە     ئێوەی زیرەک بە ئومێدن .

**دووەم / هاوەڵناوی ناسادە** : ئەمەش دوو جۆرە ( هاوەڵناوی دارِژاو _ هاوەڵناوی لێکدراو ).

**أ / هاوەڵناوی دارِژاو** : ئەو هاوەڵناوەیە کە لە وشەیەکی واتادار و ( پێشگر یا پاشگر یا هەردووکیان ) پێکدێت دەبێتە دیارخەری ( ناوێک یا جێناوێک یا ئاوەڵناوێکی تر ) یا تەواوکەری کاری ناتەواو .

**نموونە** : کرێکاری یەکەم کاری خۆی کرد     ڕێوەکی گەڕۆک لە شێرێکی نووستوو باشترە .

**ب / هاوەڵناوی لێکدراو** : ئەو هاوەڵناوەیە کە لە دوو وشەی واتادار یا زیاتر پێکدێت ، دەبێتە دیارخەری ( ناوێک یا جێناوێک یا ئاوەڵناوێکی تر ) یا تەواوکەری کاری ناتەواو .

**نموونە** : گەلی ژێر دەست پێش ناکەوێت     ئێوەی دڵخۆش سەربەرزن .

## ڕێگاکانی دروستبوونی هاوەڵناوی دارِژاو

1 – هاوەڵناو لەگەڵ ( پێشگر یان پاشگر )

أ : هاوەڵناوی سادە + پاشگر = هاوەڵناوی دارِژاو     ب : پێشگر + هاوەڵناوی سادە = هاوەڵناوی دارِژاو

| أ | ب |
|---|---|
| نموونە : یەک + ەم = یەکەم | نموونە : نە + خۆش = نەخۆش |
| ڕوون + اک = ڕووناک | نا + ڕاست = ناڕاست |
| نەرم + ان = نەرمان | نا + پاک = ناپاک |
| ڕەق + ەن = ڕەقەن | ( نەساغ , ناخۆش , ناڕێك .... ) |

( باریکەلە , تەختانی , وردیلە , پیسۆکە , جوانکیلە , بەرزۆلکە )

2 – ناوی سادە لەگەڵ ( پێشگر یان پاشگر )

أ : ناوی سادە + پاشگر = هاوەڵناوی دارِژاو     ب : پێشگر + ناوی سادە = هاوەڵناوی دارِژاو

| أ | ب |
|---|---|
| ژن + انە ، انی = ژنانە ، ژنانی ( شەڕانی , منداڵانە ) | نموونە : بە + تام = بەتام ( بەهێز , بەکەڵك ) |
| ڕاو + چی = ڕاوچی , شووشەچی ( تۆڕنەچی , کارەباچی ) | ب ، بە + جەرگ = ب جەرگ ، بەجەرگ |

بەخت + یار ، وەر = بەختیار ، بەختەوەر ( بەهرەوەر ، هونەروەر )
مەلە + وان ، ڤان = مەلەوان ، مەلەڤان ( ڕەزڤان ، هۆزانڤان ، ڕۆژنامەوان )
گۆشت + ن = گۆشتن ( چڵکن ، شەرمن ، لیکن ، چڵمن )
زێڕ + ین = زێڕین ( ڕەنگین ، ئاسنین ، بەردین )
برین + دار = بریندار ( زامدار ، بەهرەدار ، باڵدار )
دەشت + ەکی = دەشتەکی
ئاسن + گەر = ئاسنگەر
جیهان + ی = جیهانی ، شاری

بێ + شەرم = بێ شەرم ( بێ تام ، بێ هۆش )
بە + گور = بەگور
بە + تەمەن = بەتەمەن ( بەسوود ، بێ کەڵك )
بێ + هێز = بێ هێز ( بێ سوود ، بێ کار )
بێ + گەرد = بێگەرد

> **تێبینی :** ئەو پاشیانەی سەرەوە دەڵێن ئەوانە ناون کەواتە ئێمە دەتوانین تاقیان بکەینەوە لەڕێی دانانی ( ەکە و ێك ) وە هەروەها نابێت نیشانەکانی (تر و ترین) وەربگرێت وە بە پێچەوانەشەوە، چونکە ئەو نیشانانە بۆ هاوەڵناون.
>
> **نموونە :** زێڕ > زێڕەکە ، زێڕێك    زێڕتر ، زێڕترین

3 – چاوگ + ڕەگی کار + لەگەڵ ( پێشگر یان پاشگر یان هەردووکیان )

أ : چاوگ + ڕەگی کار + پاشگر = هاوەڵناوی دارێژراو

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گەڕان | گەڕێ | + | ۆك ، یدە | = | گەڕۆك ، گەڕیدە ( قرچۆك ، لەرزۆك ) | |
| نووسین | نووس | + | ەر | = | نووسەر ( خوێنەر ، تێکۆشەر ) | |
| ترسان | ترس | + | ناك ، نۆك | = | ترسناك ، ترسنۆك | |
| فرۆشتن | فرۆش | + | یار | = | فرۆشیار ( کڕیار ، بڕیار ) | |
| زانین | زان | + | ا | = | زانا ( توانا ، دانا ، بینا ) | |
| کوشتن | کوژ | + | راو | = | کوژراو ( خوێنراو ، بینراو ، کێشراو ) | |

> **تێبینی :** { دار } پاشگرێکی زمانی فارسییە و بەمانای { هەبوون } دێت . بەڵام بەتەنیا واتای نییە ، بەڵکو لە دارشتنی وشەدا مانا وەردەگرێت لێرەدا { نۆك } وەکوو پاشگر بەکارهاتووە ، چونکە هیچ پەیوەندییەکی واتایی لەنێوان { ترس } و { دانەوێڵەی نۆك } دا نییە ،کەواتە { نۆك } وەکوو پاشگرێکی بێ واتا بەکارهاتووە ، نەك وەکوو وشەی دانەوێڵەی نۆك . هەروەها { یار } یش پاشگرێکی بێ واتایە لێرەدا .

ب : چاوگ + پێشگر + ڕەگی کار = هاوەڵناوی دارێژراو

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| گۆڕین | نە | + | گۆڕ | = | نەگۆڕ ( نەزان ) |
| مردن | نە | + | مر | = | نەمر |
| بەزین | نە | + | بەز | = | نەبەز |
| کوشتن | بـ | + | کوژ | = | بکوژ ( بوێر ) |

ج : چاوگ + پێشگر + ڕەگی کار + پاشگر = هاوەڵناوی دارێژراو

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بینین | نا | + | بین | + | ا | = | نابینا |
| بەزین | نە | + | بەز | + | ی | = | نەبەزی |
| زان | نە | + | زێ | + | ۆك | = | نەزۆك |
| خواردن | ب | + | خۆ | + | ەر | = | بخۆر ( ب + کە + ەر = بکەر ) |
| خوێندن | نە | + | خوێن | + | راو | = | نەخوێنراو ( نەبینراو ، نەکێشراو ، نەزانراو ، نەکوژراو ) |

> **تێبینی :** ( ە ) لێرەدا لەناوچووە .

4 – چاوگ + قەدی چاوگ + پاشگر = هاوەڵناوی دارێژراو

**چاوگ – ن = قەدی چاوگ**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| کەوتن | کەوت | + | وو / ە | = | کەوتوو / کەوتە ( گەستوو ، نوستوو ) |
| بردن | برد | + | وو / ە | = | بردوو / بردە ( خواردوو ، مردوو ) |
| شکان | شکا | + | و | = | شکاو ( بریو ، بەزیو ) |

ئەم سێ پاشگرە بەکاردێن : ( وو ، و ، ە )

ڕزین    ڕزی + و = ڕزیو ( مژیو , فریو )

سوتان    سوتا + و = سوتاو ( ترساو , خنکاو , برژاو )

**تێبینی** : لە کرمانجی ژووروودا پاشگری ( ی ) دەخرێتە سەر قەدی چاوگ و هاوەڵناوی دارژاوی لێ دروست دەکرێت :

کەفت + ی = کەفتی , شکەست + ی = شکەستی , سۆت + ی = سۆتی , شویشت + ی = شویشتی

- دلێ سۆتی ب ئاڤ ترشکا ناکەویت .    مرۆڤێ مری و زیندی ب ئاڤێ پاقژ دبن .

## ڕێگاکانی دروستکردنی هاوەڵناوی لێکدراو

1 – **ناو + ناو = هاوەڵناوی لێکدراو** { چاو + باز = چاو باز ، بەژن + چنار = بەژن چنار، باڵا عەرعەر ، گەردن بلوور , گەنم ڕەنگ }

> لێرەدا ( سەر ) وەک سەری مرۆڤ بەکارهێنراوەو بووە بە ناو ، ئەگەر نا واتای شوێنیش دەگەیەنێ ئەوکات دەبێت بە هاوەڵکار .

2 – **ناو + ئامراز + ناو = هاوەڵناوی لێکدراو** { دەست + بە + سەر = دەست بە سەر ، گوڵ + بە + دەم = گوڵ بە دەم ، قوڕ بە سەر ، ڕوو بە خاڵ ، لێو بە بار , دەست بە بازن , تفەنگ بەشان , دەم بە پێکەنین , پێڵاو لە پێ }

3 – **دووبارەکردنەوەی ناو = هاوەڵناوی لێکدراو** { دەستە دەستە ، ڕێ ڕێ ، پارچە پارچە ، چین چین , کەرت کەرت , جێ جێ }

4 – **هاوەڵناوی ژمارە + ناو = هاوەڵناوی لێکدراو** { دوو دڵ ، حەوت ڕەنگ ، دوو ڕوو ، چوار چاو , دوو زمان }

5 – **ناو + هاوەڵناو = هاوەڵناوی لێکدراو** { دڵ + خۆش = دڵخۆش ، چاو + شین = چاوشین ، ڕوو + خۆش = ڕووخۆش ، خوێن شیرین ، بەخت ڕەش ، قەد باریک ، باڵا بەرز ، دەست درێژ ، سەر گەرم ، ڕوو ڕەش ، بۆن خۆش , لێو ئاڵ , دڵ تەنگ , چاو جوان , دەست بەتاڵ

6 – **هاوەڵناو + ئامراز + هاوەڵناو = هاوەڵناوی لێکدراو** { بۆرە + ە + دەوڵەمەند = بۆرە دەوڵەمەند ، پاک و خاوێن , کەرووڵاڵ , کۆنە دز , ئازا و زیرەک

7 – **هاوەڵناو + ئامراز + ناو = هاوەڵناوی لێکدراو** { شۆڕ + ە + ژن = شۆڕە ژن ، گێل + ە + پیاو = گێلە پیاو، کورتە باڵا ، تاریکە شەو ، شۆڕەبی ، پیرەمێرد }

> پیاو لێرەدا وەک کەسێک بەکارهێنراوەو بووە بە ناو ، ئەگەر نا پیاو سیفەتیشە بەڵام لێرەدا ئاوایە : گێلە پیاو واتا پیاوی گێل .

8 – **ناو + ڕەگی کار = هاوەڵناوی لێکدراو** {خێر + خواز = خێر خواز، پیاو + کوژ = پیاو کوژ، ڕۆژنامە نووس، ئاشتی خواز ، سەربەست ، دڵخواز

قورئان + خوێن = قورئان خوێن ، خوێن + مژ = خوێن مژ ، بارکێش ، دەست بڕ ، وتەبێژ ، بارهەڵگر , مێر کوژ , خوێن ڕێژ , وتاربێژ }

> لێرەدا لە وشەی ( قورئان خوێن ) خوێن لە ڕەگی خوێندن وەرگیراوە و مەبەستمان پێی لە خوێنی گیاندار نیە ، بەڵام لە وشەی خوێن مژ ئەوا خوێن ناوەو مەبەستمان پێی خوێنە .

إسماعيل يوسف پيرداود

9 – **هاوەڵناو + ڕەگی کار = هاوەڵناوی لێکدراو** { ڕاست + بێژ = ڕاست بێژ، گەش + بین = گەشبین، ڕاستگۆ، دووربین،
ڕەش + پۆش = ڕەشپۆش ، خۆش + نووس = خۆشنووس }

10 – **ناو + هاوەڵناوی کراو = هاوەڵناوی لێکدراو** { دڵ + سوتاو = دڵ سوتاو (2015 ئاشنابوون) ، جەرگ + بڕاو = جەرگ بڕاو ،
سەر شکاو ، ژەنگ گرتوو , سک سوتاو ، دەست گیراو ، دڵ شکاو ، بابردوو , ماران گەستوو , باوك مردوو }

لێرەدا مەبەستمان لە هاوەڵناوی کراو ئەوەیە کە وشەیەک کردەوەیەکی بەسەردا دێت ، وەک سوتاو کە شتێک هەتاوەکو نەسوتێ پێی ناڵێن سوتاو ، کەواتە دەبێت وشەیەک بێت شتێکی بەسەردا هاتبێت , **هاوەڵناوی کراو** یاساکەی بەم جۆرەیە (ناو+ **قەدی چاوگ + پاشگری ( وو , و )** گەر یاساکەی بەم جۆرە پێدایت ئەوا بزانە هاوەڵناوی کراو بەم شێوەیەیە , پاشگری (وو , و) خوێندووتە کە چ کاتێك بەکاردێن و کۆتایی قەدی چاوگ بە چ پیتێك هاتبێت ( تائی , دالی , یائی , واوی , ئەلفی ) .

11 – **بە دووبارەبوونەوەی هاوەڵناوێکی سادە = هاوەڵناوی لێکدراو** { خۆش خۆش ، جوان جوان ، سوور سوور }

12 – **هاوەڵکار + ناو = هاوەڵناوی لێکدراو** { ژێر + دەست = ژێردەست ، ژێر + چەپۆک = ژێر چەپۆک }

**تێبینی** : هەرکاتێک وشەیەک پێمان وت **هاوەڵکار** ئەوا دەبێت یەکێک لەمانەی تێدا بێت ( **شوێن** ، **کات** ، **چۆنیەتی** ، **چەندێتی**) ئەمجار پێی دەڵێین هاوەڵکار ، **نموونە** : وشەی ( ژێر ) کە لە سەرەوە بەکارهێنراوە هاوەڵکاری ( **شوێن**)یە .

13 – **ناو + ڕەگی کار + پاشگری (ەر) = هاوەڵناوی لێکدراو** { خەبات + کە + ەر = خەباتکەر ، ڕەنج + دە + ەر = ڕەنجدەر ، یاریکەر
ڕاو + کە + ەر = ڕاوکەر ، جل + شۆ + ەر = جلشۆر ، هێرش + بە + ەر = هێرشبەر ، نوێژکەر ، بانگدەر , نانکەر }

**تێبینی** : لەم وشانەی سەرەوەدا ( ە )ی پاشگرەکە لەناودەچێ چونکە لە زمانی کوردی دوو بزوێن بەدوای یەکدا نایەن .

14 – **هاوەڵناو + هاوەڵناو = هاوەڵناوی لێکدراو** { ڕەش + ئەسمەر = ڕەش ئەسمەر ، تازە + پێگەیشتوو = تازە پێگەیشتوو , تەڕ پیر }

15 – **هاوەڵناو + هاوەڵناوی کراو = هاوەڵناوی لێکدراو** { زەرد هەڵگەڕاو ، سپی هەڵگەڕاو ، سوور هەڵگەڕاو , ڕەش هەڵگەڕاو }

16 – **ئاوەڵناوی چۆنیەتی + ناو = ئاوەڵناوی لێکدراو** ( بەد + خوو = بەدخوو , خۆش + باوەڕ = خۆش باوەڕ , بەدکار , زلهێز )

17 – **ئاوەڵکار + ڕەگی کار = ئاوەڵناوی لێکدراو** ( زۆر + زان = زۆرزان , زۆر + وەڕ = زۆروەڕ , کەم + بین = کەمبین )

18 – **ئاوەڵکار + ڕەگی کار + پاشگر ( ەر ) = ئاوەڵناوی لێکدراو** ( زۆر + خۆ + ەر = زۆرخۆر , کەم + خۆ + ەر = کە مخۆر )

19 – **ئاوەڵناو + و + وشەیەکی بێ واتا = ئاوەڵناوی لێکدراو** ( نەرم + و + نۆڵ = نەرم و نۆڵ , گورج و گۆڵ , شل و شۆڕ , ڕەق و تەق )

# جۆرەکانی هاوەڵکار لەڕووی پێکهاتنیانەوە ( ڕۆنانەوە )

هاوەڵکار ئەو وشەیەیە کە لە ڕستەدا هەمیشە وەسفی کارێك دەکات و دەبێتە تەواوکەری کاری ڕستەکە .

هاوەڵکار لەڕووی پێکهاتنی دوو جۆرە کە بریتین لە :

1 – هاوەڵکاری سادە

2 – هاوەڵکاری ناسادە ( دارِژاو و لێکدراو )

> هەموو ( ئاراستەکان ) هاوەڵکارن وەك ( سەرەوە , تەنیشت .... )
>
> ( تەنها وەك وەبیرهێنانەوە ) هاوەڵکار لە پۆلی 11 بەدرێژی باسکراوە , هاوەڵکارەکان 5 جۆرن .
>
> هاوەڵکاری ﴿ کاتی , شوێنی , چۆنیەتی , چەندی , ڕێکخستن ﴾

یەکەم : هاوەڵکاری سادە : - ئەو هاوەڵکارەیە کە لەبنەڕەتدا لە یەك وشەی واتاداری سەربەخۆ پێکدێت و لە ڕستەدا وەسفی کار دەکات .

بۆ نموونە : ( خێرا , زۆر , گورج , پار , دوور , فرە , درەنگ , تەنیشت , ژێر , سەر , خراپ , نزیك , کەم , باش , زوو ... )

نموونە : منداڵەکە خراپ کەوت      پیاوەکە دوور دانیشتووە .

دووەم : هاوەڵکاری ناسادە : دوو جۆرە کە بریتین لە هاوەڵکاری ( دارِژاو و لێکدراو ) .

هاوەڵکاری دارِژاو : ئەو هاوەڵکارەیە کە لە بنەڕەتدا لە یەك وشەی واتاداری سەربەخۆ و لەگەڵ ( پێشگرێك یان پاشگرێك یان هەردووکیان ) پێکدێت و لە ڕستەدا وەسفی کار دەکات و دەبێتە تەواوکەری کار .

بۆ نموونە : ( بەشەو , بەهاری , شێرانە , بەهاوینان , بە پەلە , مەردانە , بەباشی , بەزۆر , بەجوانی .... )

نموونە : دارشتنەکەی بەجوانی نووسیوە .      بەشەو سەردانی هاورێکەمان کرد .

هاوەڵکاری لێکدراو : ئەو هاوەڵکارەیە کە لە بنەڕەتدا لە دوو وشەی واتادار یان زیاتر پێکدێت و لە ڕستەدا وەسفی کار دەکات و دەبێتە تەواوکەری کار .

بۆ نموونە : ( دێ بە دێ , شاخەوشاخ , پربەدەم , ئەمشەو , بەیەك جار , دوو دوو , جوان جوان , کزومات , نیوەڕۆ , سەرانسەر .... )

نموونە : ئەمشەو لە ئاهەنگەکە بەژداردەبم .      پڕبەدڵ بانگ دەکەم سەربەستیم دەوێ .

## ڕێگاکانی دروستکردنی هاوەڵکاری دارِژاو

1 – پێشگر( بە , بێ ) + ناو = هاوەڵکاری دارِژاو ( بەگیان , بەدڵ , بە شەو , بە زستان , بە ساڵ , بە ڕۆژ , بە مانگ , بە هاوین , بێ ناز , بێ ووچان , بێ گومان ) .

2 – پێشگر + هاوەڵکار = هاوەڵکاری دارِژاو ( بە زۆر , لە دوور , لە بەرانبەر , لە نزیك , لە تەنیشت , لە ژێر , لە ناو , بە ناو , بە کەم , لە سەر )

3 – ناو + پاشگری ( انە , ێ ) = هاوەڵکاری دارِژاو ( ڕۆژانە , شەوانە , شێرانە , منداڵانە , ساڵانە , پیاوانە , ژنانە , کورانە , کچانە , مانگانە , شەوێ , بەهارێ , هاوینــێ , پاییزێ , زستانێ , ڕۆژێ , ساڵێ , مانگێ ) .

4 – هاوەڵناو + پاشگری ( انە ) = هاوەڵکاری دارِژاو ( چالاکانە , مەردانە , دلێرانە , ئازایانە ( ئازا + ی + انە ) , ژیرانە , هێمنانە ) .

5 – پێشگر + هاوەڵناو + پاشگر = هاوەڵکاری دارِژاو ( بە چاکی , بە جوانی , بە ساردی , بە هێمنــی , بە باشی , بە گەرمی , بە خۆشی , بە ڕێکی , بە خێرایی , بە فێنکی , بەتوڕەیی ) .

6 – پێشگر + ناو + پاشگر = هاوەڵکاری دارِژاو ( بە سواری , بێ شەرمانە , بە هاوینــێ , بە هاوینان , بە پیاوەتی , بە برایەتی , بێ باکانە , بە خزمایەتی , بە زستانان , بێ ئاگایانە , بەکوردایەتی ) .

7 – پێشگر + ئاوەڵناو = هاوەڵکاری دارِژاو ( بە پەلە , بە تەنیا , بە گورج ......... )

# ڕێگاکانی دروستکردنی هاوەڵکاری لێکدراو

1 – دووبارەکردنەوەی ناوێك یان هاوەڵناو یان هاوەڵناوی ژمارە = هاوەڵكاری لێكدراو

بۆ ناو >> ( نم نم ، کۆمەڵ کۆمەڵ ، پۆل پۆل ، دەستە دەستە ، چین چین ، تاقم تاقم ) .

بۆ هاوەڵناو و هاوەڵناوی ژمارەیی >> ( جوان جوان ، هێدی هێدی ، وردە وردە ، باش باش ، ڕێك ڕێك ، خێرا خێرا ) ( یەك یەك ، دوو دوو ، سێ سێ ، دە دە ، چوار چوار ) .

2 – ناو +ئامرازی ( بە ) + ناو = هاوەڵكاری لێكدراو ( ساڵ بە ساڵ ، ڕوو بە ڕوو ، ماڵ بە ماڵ ، دێ بە دێ ، شار بە شار ، پێ بە پێ ، گوند بە گوند ، ڕۆژ بە ڕۆژ ، ڕۆژبە ڕۆژ )

3 – ناو + ئامرازی ( او ) + ناو = هاوەڵكاری لێكدراو ( سەراوسەر ، دەماودەم ، دۆڵاودۆڵ ، پشتاوپشت ، مانگەومانگ ، شاخەوشاخ )

4 – هاوەڵناو + ئامرازی ( و ) + هاوەڵناو = هاوەڵكاری لێكدراو ( تێروپڕ ، کزومات ، کزومەلول ، قیت و قۆز ، چوست و چالاك ، پاك و خاوێن ، مات و مەلول )

5 – هاوەڵناو + ئامرازی ( بە ) + ناو = هاوەڵكاری لێكدراو ( پڕبەدڵ ، پڕبە دەم ، پڕ بە دەنگ ، پڕ بە زار ، پڕ بە دەست ، پڕبەگەروو )

6 – پێشگر + هاوەڵناوی لێكدراو + پاشگر = هاوەڵكاری لێكدراو ( بەڕووخۆشی ، بەسەربەرزی ، بەدڵخۆشی ، بەدڵپاکی ، بەدڵشکاوی ، بەسەرشۆڕی ، بەدەستپاکی ، بەڕووگرژی )

7 – هاوەڵناوی نیشانە + ناو = هاوەڵكاری لێكدراو ( ئەمشەو ، ئەمڕۆ ، ئەوساڵ ، ئەوسا ، ئەوشەو )

تێبینی : هاوەڵناوی نیشانە بریتیە لە ( ئەم ..... ە ) ( ئەو ...... ە ) لە بنەڕەتدا ئەمانەی سەرەوە ئاوا بوون ( ئەم شەوە ، ئەم ڕۆژە ، ئەو ساڵە ، ئەو ساتە ، ئەو شەوە ) بەڵام ئەم بزوێنەی کۆتایی لێکراوەتەوە .

8 – هاوەڵكار + هاوەڵناوی ژمارە + ناو = هاوەڵكاری لێكدراو ( پاش نیوە ڕۆ ، پێش نیوە ڕۆ ، دوای نیوە شەو ، پێش دوو ڕۆژ ، دوای نیوە ڕۆ ، دوای نیوە ساڵ ، دوای سێ سەعات )

تێبینی : ( ڕۆ ) ناوە لە ئەسڵدا ( ڕۆژ )ە بەڵام پیتی ( ژ ) فرتاوە .

9 – پێشگر + هاوەڵناوی ژمارە + ناو = هاوەڵكاری لێكدراو ( بە یەك جار ، بە چوار جار )

10 – هاوەڵناوی ژمارە + ناو = هاوەڵكاری لێكدراو ( نیوە شەڕ ، نیوە شەو ، نیوە ڕۆ ، نیوە کار ، نیوە ماڵ )

11 – هاوەڵكار + ان ، نا + هاوەڵكار = هاوەڵكاری لێكدراو ( سەرانسەر ، بەرانبەر ، پار نا پێرار ، دوێنێ نا پێرێ )

* بە پێی ئەم تێبینیە هاوەڵكار بناسەوە *

بە وشەیەك دەڵێین هاوەڵكار کە واتای ( شوێن ، چەندێتی ، چۆنیەتی ) تێدابێت ، بۆ نموونە ( لە نزیك ) هاوەڵکارە و واتای شوێنی تێدایە بۆیە نابێت بە هاوەڵناو و نیشانەی ( تر ، ترین ) وەردەگرێت کە بۆ جیاکردنەوەی لە ناو دەتوانین بەکاری بێنین .

ناویش دەتوانین بە خستنەسەری ئەم نیشانانە بیناسینەوە ( ەکە ، ێك ، ەك ، ێ )

# ڕادە

ڕادەی هاوەڵناو
( هاوەڵناوی نادیار )

ڕادەی هاوەڵکار
( هاوەڵکاری چەندی )

1 – ڕادەی هاوەڵناوی :- بریتیە لەو وشەیەی کە ڕادەی هاوەڵناوی چۆنیەتی دەردەخات , واتا بەدواداهاتنی دوو هاوەڵناو , هاوەڵناوی یەکەم هەمیشە هاوەڵناوێکی نادیارە و ئەرکی دیارخەر دەبینێت پێی دەوترێت ( ڕادەی هاوەڵناوی ) , هاوەڵناوی دووەمیش هاوەڵناوێکی چۆنیەتییەو دیارخراوە .

**یاسا**

* هاوەڵناوە نادیارەکە دەبێتە دیارخەری هاوەڵناوی چۆنیەتی و ڕادەی هاوەڵناوە چۆنیەتیەکە دەردەخات , بە هەردووکیان ( گرێی هاوەڵناوی چۆنیەتی ) دروست دەکەن دەبنە دیارخەری ناو یان جێناو یان تەواوکەری کاری ناتەواو .

| | | |
|---|---|---|
| هاوەڵناوی نادیار | + | هاوەڵناوی چۆنیەتی |
| دیارخەر ( ڕادەی هاوەڵناوی ) | | دیارخراو |

نموونە : کتێبێکی زۆر باشم کڕی .

تێبینی : هیچ کاتێك لە نێوان ڕادە و هاوەڵناوەکە ئامرازی خستنەسەری ( ی ) بەکارناهێندرێت .

تێبینی : ئەو وشانەی کە ڕادەی هاوەڵناوی چۆنیەتی دەردەخەن وەك ( زۆر , هەندێك ..... ) ئەمانە لە بنەڕەتدا ( هاوەڵناوی نادیارن ) بەڵام لێرەدا بوونەتە دیارخەری هاوەڵناوێکی تر و نەبوونە بە دیارخەری ( ناو یان جێناو ) بۆیە پێیان دەڵێین ( ڕادەی هاوەڵناو ) .

هاوەڵناوی چۆنیەتی : ( جوان , باش , بە پەلە , توند , کۆن , خراپ , ڕێك , بەنرخ , بەهێز , ناخۆش ...... )

هاوەڵناوی نادیار : ( زۆر , هەندێك , گەلێك , نەختێك , تۆزێك , پیچێك , کەمێك , فرە , بڕێك , ئێجگار ...... )

1 – دیارخەری ناو /

نموونە : گوڵەکی زۆر جوانم بینی .

زۆر / ڕادەی هاوەڵناوییە , هاوەڵناوی نادیارە , دیارخەرە .

جوان / هاوەڵناوی چۆنیەتیە , دیارخراوە .

زۆر جوان / ڕادە و هاوەڵناوە , دیارخەری ناوە , گرێی هاوەڵناوی چۆنیەتیە .

2 – دیارخەری جێناو /

نموونە : ئێوەی فرە باش سەردەکەون .

فرە / ڕادەی هاوەڵناوییە , دیارخەرە , هاوەڵناوی نادیارە .

باش / هاوەڵناوی چۆنیەتیە , دیارخراوە .

فرە باش / ڕادە و هاوەڵناوە , دیارخەری جێناوە , گرێی هاوەڵناوی چۆنیەتیە .

3 – تەواوکەری کاری ناتەواو /

نموونە : منداڵەکە زۆر جوان بوو . خوێندکارەکە کەمێك زیرەکە .

ئاوەکە نەختێك ساردە .

زۆر , کەمێك , نەختێك / ڕادەی هاوەڵناون , دیارخەرن , هاوەڵناوی نادیارن .

جوان , زیرەك , سارد / هاوەڵناوی چۆنیەتین , دیارخراون .

زۆر جوان , کەمێك زیرەك , نەختێك سارد / ڕادە و هاوەڵناون , گرێی هاوەڵناوی چۆنیەتین , دیارخەری تەواوکەری کاری ناتەواون .

تێبینی : تەنها ڕادە و هاوەڵناو جێناوی لکاو وەردەگرن .

نموونە : گوڵەکی زۆر جوانم بینی .

ئەو ( م )ەی بە کۆتایی وشەی ( جوان ) لکاوە ئەوا جێناوی لکاوە .

2 – ڕادەی هاوەڵکاری :- بریتیە لە هاوەڵکارێکی چەندی پێش هاوەڵکارێکی ( کاتی , شوێنی , چۆنیەتی ) دەکەوێت , ڕادەی هاوەڵکاری کاتی و شوێنی و چۆنیەتی دەردەخات و دەبێتە دیارخەریان , وە بەهەردوو هاوەڵکارەکە وەك گرێیەکی هاوەڵکاری ئەرکی تەواوکەری کار دەبینێت و پێویستی بە ئامرازی ( ی ) خستنەسەر نییە لە نێوان هاوەڵکارەکان .

* ئەو وشانەی کە ڕادەی هاوەڵکاری ( کاتی و شوێنی و چۆنیەتی ) دەردەخەن وەك ( زۆر , هەندێك , کەمێك , تۆزێك ...... ) لە بنەڕتدا پێیان دەگوترێت ( هاوەڵکاری چەندێتی ) بەڵام لێرەدا نابێتە تەواوکەری کاری ڕستەکە بەڵکو دەبێتە ( دیارخەر )ی هاوەڵکارێکی تر بۆیە پێیان دەوترێت ( ڕادەی هاوەڵکاری ) . نموونە : قوتابییەکە هەندێك درەنگ هات .

هاوەڵکاری چەندی : هەمان ئەوانەی هاوەڵناوی نادیارن .

| هاوەڵکاری چەندی | + | هاوەڵکاری چۆنیەتی |
|---|---|---|
| دیارخەر ( ڕادەی هاوەڵکاری ) | | دیارخراو |

* ئەگەر کاری ڕستەکە کارێکی ناتەواو بوو ئەوا هاوەڵکاری دووەم هاوەڵکارێکی ( کاتی و شوێنی )یە و نابێتە هاوەڵکاری ( چۆنیەتی ) چونکە ئەگەر ( چۆنیەتی ) بوو ئەوا ( ڕادەی هاوەڵناوە ) .

* گرێی هاوەڵکاری ئەرکی تەواوکەری کاری تەواو یان تەواوکەری کاری ناتەواو دەبینێت .

تێبینی : هاوەڵکاری چۆنیەتی دەبێتە تەواوکەری کاری تەواو , هەروەها هاوەڵکاری ( کاتی و شوێنی ) دەبن بە تەواوکەری کاری تەواو و ناتەواو , بەڵام هاوەڵکاری ( چۆنیەتی ) نابێت بە تەواوکەری کاری ناتەواو , بەڵکو ئەگەر وشەکە واتای چۆنیەتی گەیاند بوو بە تەواوکەری کاری ناتەواو ئەوا هاوەڵناوە نەك هاوەڵکار .

1 – ئەرکی تەواوکەری کاری تەواو /

نموونە : شاوین زۆر باش ڕۆیشت .

زۆر / هاوەڵکاری چەندیە , دیارخەرە , ڕادەی هاوەڵکاریە .

باش / هاوەڵکاری چۆنیەتیە , دیارخراوە .

زۆر باش / گرێی هاوەڵکاریە , تەواوکەری کاری تەواوە , ڕادەوهاوەڵکارە .

درەنگ

نموونە : ئەمامەکانمان زۆر دوور چاند .

جوان

زۆر / هاوەڵکاری چەندیە , دیارخەرە , ڕادەی هاوەڵکارە .

درەنگ , دوور , جوان / هاوەڵکاری ( کاتی , شوێنی , چۆنیەتی )یە , دیارخراوە .

زۆر درەنگ ( دوور , جوان ) / گرێی هاوەڵکاریە , ڕادەوهاوەڵکارە , تەواوکەری کاری تەواوە .

2 – ئەرکی تەواوکەری کاری ناتەواو /

نموونە : ئاهەنگەکە کەمێك دوور بوو .

کەمێك / هاوەڵکاری چەندیە , دیارخەرە , ڕادەی هاوەڵکاریە .

دوور / هاوەڵکاری شوێنیە , دیارخراوە .

کەمێك دوور / گرێی هاوەڵکاریە , تەواوکەری کاری ناتەواوە , ڕادەوهاوەڵکارە .

چەند ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی هەڵبژاردنی وەڵامی ڕاست :

نموونە : کتێبێکی زۆر باشم خوێندەوە .

وشەی ( زۆر ) چیە ؟

( Ⓐ هاوەڵناوی نادیار , Ⓑ ڕادە و هاوەڵناو ,
Ⓒ ڕادەی هاوەڵناو , Ⓓ هاوەڵکاری چەندی )

لەم نموونەیەدا وشەی ( زۆر ) هاوەڵناوی نادیارە ڕاستە , بەڵام چونکە نەبووە بە دیارخەری ناو یان جێناو بووە بە دیارخەری هاوەڵناوی دوای خۆی بۆیە بە ڕادەی هاوەڵناو دەستنیشانی دەکەین . واتا کە هەردووك هەڵبژاردنی پێدایت وەك ئەو نموونەی سەرەوە ئەوا تۆ ( ڕادەی هاوەڵناو ) هەڵبژێرە .

هەر لەم نموونەیەی سەرەوەدا کە هەڵبژاردەکان بکەین بە

( Ⓐ دیارخەری ناو , Ⓑ ڕادەی هاوەڵکار ,
Ⓒ دیارخەری هاوەڵناو , Ⓓ ڕادە و هاوەڵناو )

ئەوا دیارخەری هاوەڵناو هەڵدەبژێرین , دیارخەری ناو هەڵنابژێرین , چونکە تەنها دەڵێ وشەی ( زۆر ) چییە ؟ ئەگەر ( زۆر باش ) بەیەکەوە گوتی چیە ؟ ئەوکات ( دیارخەری ناو ) هەڵدەبژێرین .

تێبینی : دەگونجێ لە ڕستەیەکدا ڕادە و هاوەڵناو و ڕادە و هاوەڵکار هاتبێت .

نموونە : خانوویەکی زۆر خۆشم زۆر بەباشی دروستکرد .

زۆر / هاوەڵناوی نادیار , ڕادەی هاوەڵناو , دیارخەر .

خۆش / هاوەڵناوی چۆنیەتی , دیارخراو .

زۆر خۆش / ڕادە و هاوەڵناوە , گرێی هاوەڵناوی چۆنیەتیە , دیارخەری ناوە .

زۆر / هاوەڵکاری چەندیە , دیارخەرە , ڕادەی هاوەڵکارە .

باش / هاوەڵکاری چۆنیەتی , دیارخراوە .

زۆر باش / گرێی هاوەڵکاریە , تەواوکەری کاری تەواوە , ڕادە و هاوەڵکارە .

تێبینی : ئەو هاوەڵناوانەی ڕادەی هاوەڵناو دەردەخەن پێیان دەوترێت هاوەڵناوی نادیار .

تێبینی : ئەو هاوەڵکارانەی ڕادەی هاوەڵکار دەردەخەن پێیان دەوترێت هاوەڵکاری چەندی .

# یەکەم :ناو لە دەوری دیارخەری ناودا

لێرەدا دوو ناو یان زیاتر بە دوای یەکتردا دێن و ناوی دووەم دیارخەری ناوی یەکەمە بەهۆی ئامرازی خستنەسەری ( ی ) .

ناوی یەکەم ( دیارخراو ) + ی ( ئامرازی خستنەسەر ) + ناوی دووەم ( دیارخەر )

دەرگــــــــــــا + ی + ژوورەکە

ســــەرنـج : بۆ ناسینەوەی ناوی ( تاك و كۆ ) و ( ناسراو و نەناسراو ) و ( گشتی و تایبەتی ) پێویستە ئاگاداری ئەمانەی خوارەوە بین : -

**ناوی ناسراو بەم شێوەیە دەناسرێتەوە :**

1 – هەموو ناوێك كە نیشانەی ناسینی ( ەكە )ی پێوە لكا .

> **تێبینی :** ناوێك بەهۆی هاوەڵناوی نیشانە دەستنیشان كرابێت ئەوا نیشانەی ناسراوی ( ەكە )ی ناچێتەسەر , بەڵام نیشانەی ( ان )ی دەچێتە سەر .

2 – هەر ناوێك بە هاوەڵناوی نیشانە دەستنیشان كرا كە ئەمانەن : ( ئەم .... ە ( بۆ نزیك ) , ئەو .... ە ( بۆ دوور ) , ئەمانە , ئەوانە )

3 – هەموو ناوێكی تایبەتی وەكو : ( مرۆڤ , ئاژەڵ , شار , وڵات , ڕووبار , چیا , كوردستان , ئەوین , لەنیا , ئەیوب ......... هتد ) .

**ناوی كۆ بەم شێوەیە دەناسرێتەوە :**

> **تێبینی :** ناوی تایبەتی بە هیچ شێوەیەك كۆناكرێتەوە .

1 – هەر ناوێك نیشانەی ( ان )ی كۆی پێوە لكا جا كۆی ناسراو بێت ( خوێندكارەكان , پەرتووكەكان ) یان كۆی نەناسراو بێت ( كوڕان , خوێندكاران , مامۆستایان )

2 – هەندێك ناو لە سروشتی خۆیەوە كۆیە وەكو : ( سوپا , هێز , گەل , میللەت .......هتد ) .

3 – هەندێك ناو بەهۆی پاشگری ( ەجات , ات , وات ...... هتد ) دەبێتە كۆ وەكو : میوەجات , سەوزەوات .

---

* **ناوی تاك :** گەر هیچ نیشانەیەكی كۆی پێوە نەلكابوو ئەوا ناوێكی تاكە جا ناسراو بێت ( كوڕەكە , خوێندكارەكە , دەرگایەكە ) یان نەناسراو بێت ( خوێندكارێك , بەردێك , كوڕەك , بازاڕێك .... ) .

* **ناوی نەناسراو بەم شێوەیە دەناسرێتەوە :**

1 – هەموو ناوە گشتیەكان لە بنەڕەتدا ناوێكی نەناسراوە و هیچ نیشانەیەكی پێوە نیە وەك : ( مامۆستا , خوێندكار , ژن , كوڕ ... ) .

2 – بەهۆی نیشانەكانی نەناسراوی ( ێك , ەك , یّ ) وەك : ( كوڕەك , خوێندنگەیەك , خوێندكارێك ...... ) .

---

**تێبینی :** ئامرازی خستنەسەر لە كرمانجی ژووروودا بەم شێوەیە :

1 – نیشانەی ( ا ) لەگەڵ ناوی تاكی مێ بەكاردێت و بە دیارخراوی ناوی تاكی مێ دەلكێت .

نموونە : زین خوشكـــا میرێ بۆتانێ بوو .     ئەو ژنەكـــا میهرەبان بوو .

2 – نیشانەی ( ێ ) لەگەڵ ناوی تاكی نێر بەكاردێت و بە دیارخراوی ناوی تاكی نێر دەلكێت .

نموونە : كوڕێ پاشایێ بچویك هات .     مەلایــێ جزیری هۆزانڤانەكــێ كوردە .

3 – نیشانەی ( ێد , ێت , ێن ) بە دیارخراوی كۆی نێر و مێ دەلكێت .

نموونە : شارێد كوردستانێ خۆشن .     زارۆكێن گوندێن مە زرنگن .

*ناو لەدەوری دیارخەری ناو لە كرمانجی ژووروودا : -

زین خوشكا میرێ بۆتانێ بوو .     خوێندكارێن گوندێن مە زرنگن .     مەلایێ جزیری هۆزانڤانەكێ كوردبوو .

ناو , دیارخراو     ناو , دیارخەر     ناو , دیارخراو     ناو , دیارخەر     ناو , دیارخراو     ناو , دیارخەر

تێبینی : دەکرێت لە ڕستەیەکدا ناوێك بە زیاتر لە ناوێك دیارخرابێت .

نموونە : ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق باش بوون .



ناو لە دەوری دیارخەری ناودا دەبێت بە گرێی ناوی و ئەرکەکانی ناو دەبینن .

تێبینی : دەبێت دیارخەر و دیارخراو بە پێی شوێن و مەبەست , تاك و کۆ , ناسراوی و نەناسراوی بگونجێت .

نموونە : ~~پایتەختەکانی کوردستان خۆشە~~ x.

~~دڵەکانی نەخۆشەکە لاوازە~~ x.

~~سەرەکانی منداڵەکە شکا~~ x .

1 – ئەم ڕستانە لە ڕووی واقیع و زانستدا ناگونجێن .

2 – لە ڕووی ناسراوی و نەناسراوی نەشیاون و ناگونجێن

*********************************************************

6 – 8 نمرەی لێ دێتەوە .

# دووەم : هاوەڵناو لە دەوری دیارخەری ناودا

هەرکاتێك هاوەڵناو لە پێش ناوێك یان لە دوای ناوێك هات و وەسفی ناوەکەی کرد ئەوا ئەرکی هاوەڵناوەکە دەبێتە دیارخەر و ناوەکەش دەبێتە دیارخراو .

نموونە : مرۆڤی باش درۆ ناکات . سێ خوێندکار هاتن .

( باش , سێ ) هاوەڵناون و دەبن بە دیارخەر . ( مرۆڤ , خوێندکار ) ناون و دەبن بە دیارخراو .

* چەند تێبینیەك :

1 – هەرکات ( دیارخراو ) ناوێکی گشتی یان تاك یان کۆ بە مەرجێك ﴿ نەناسراو ﴾ بوو واتە ( ەکە )ی پێوە نەبوو , ئەگەر هاوەڵناوێك بوو بە دیارخەر بۆ ناوەکە ئەوا پێویستی بە ئامرازی خستنەسەری ( ی ) دەبێت و دەکەوێتە نێوان ناو و هاوەڵناوەکە بەم شێوەیە .

ناو ( دیارخراو ) + ئا.خستنەسەری ( ی ) + هاوەڵناو ( دیارخەر )

نموونە بۆ ناوێکی گشتی نەناسراو : زێڕی پاك ژەنگ هەڵناهێنێ .

نموونە بۆ ناوێکی تاکی نەناسراو : منداڵێکی جوانم لە ئاهەنگەکە بینی .

نموونە بۆ ناوێکی کۆی نەناسراو : منداڵانی ژیر پاداشتی سەرکەوتن وەردەگرن .

2 – هەرکات ( دیارخراو ) ناوێکی گشتی تاك یان کۆ بوو بە مەرجێك ﴿ ناسراو ﴾ بوو واتە ( ەکە )ی پێوەبوو , ئەگەر هاوەڵناوێك بوو بە دیارخەر بۆ ناوەکە ئەوا لەبری ئا.خستنەسەری ( ی ) ئەوا ئا.خستنەسەری ( ە ) بەکاردەهێنین و دەکەوێتە نێوان ناو و هاوەڵناوەکە و گرێی ناوی دروست دەکات , وە هەندێ جاریش دەرناکەوێت , وە نیشانەی ناسراوی ( ەکە )ی ناوەکەش دەچێتە دوای هاوەڵناوەکە , وە ئەگەر نیشانەی کۆ ( ان ) هەبوو ئەویش دەچێتە دوای نیشانەی ناسراوی ( ەکە ) .

ناو ( دیارخراو ) + ئا.خستنەسەری ( ە ) + هاوەڵناو ( دیارخەر ) + ەکە + ( ان ) ئەگەر هەبوو

نموونە بۆ ناوێکی تاکی ناسراو : خوێندکارە زیرەکەکە لە پێشەوە دانیشتووە .

نموونە بۆ ناوێکی کۆی ناسراو : خوێندکارە زیرەکەکان لە پێشەوە دانیشتبوون .

تێبینی : ئەگەر ناوی دیارخراو ناسراوبوو , کۆتایی بە پیتی نەبزوێن هاتبوو ئەوا ئا.خستنەسەری ( ە ) دەردەکەوێت .

3 – ئا.خستنەسەری ( ە ) دەرناکەوێت هەرکات ناوە ناسراوەکە کۆتایی هاتبوو بە یەکێك لەم پیتە بزوێنانە ( ە , ا , ۆ , ێ ) بە مەرجێك ناوەکە لە ﴿ یەك برگە ﴾ زیاتر بێت .

ناو ( دیارخراو ) + ئا.خ ( ە )ەکە دەرناکەوێت + هاوەڵناو ( دیارخەر ) + ەکە + ( ان ) ئەگەر هەبوو

نموونە : خوێندنگا گەورەکە دروست کرا . ئەستێرە گەشەکان دەرکەوتن . شانۆ بەناوبانگەکە نمایشکرا . بەهێ گەیووەکان بکڕن .

* ئا.خستنەسەری ( ە ) دەردەکەوێت هەرکات ناوە ناسراوەکە کۆتایی هاتبوو بە یەکێك لە پیتە بزوێنانە ( ە , ا , ۆ , ێ ) بە مەرجێك ناوەکە لە «یەك برگە» زیاتر نەبێت . ئینجا ناوبەندی ( یـ )ی بۆ زیاد دەکەین کە دەکەوێتە نێوان ( ناو و ئا.خستنەسەرەکە ) .

**ناو ( دیارخراو ) + ناوبەندی ( یـ ) + ئا.خستنەسەری ( ە ) + هاوەڵناو ( دیارخەر ) + ەکە + ( ان ) ئەگەر هەبوو**

نموونە : دێیـە خۆشـەکان خۆش نەماون . دۆیـە ترشـەکەی خواردەوە . گایـە گەورەکەی سەربڕی . شەیـە بچوکـەکە بکڕە .

4– هەرکات ناوی ناسراو کۆتایی بە پیتی بزوێنی ( ی )هاتبوو , ئەوا ناوبەندی ( یـ )ی بۆ زیاد دەکەین جا ناوەکە بڕگەیەك بێت یان زیاتر جیاوازی نییە .

**ناو ( دیارخراو ) + ناوبەندی ( یـ ) + ئا.خستنەسەری ( ە ) + هاوەڵناو ( دیارخەر ) + ەکە + ( ان ) ئەگەر هەبوو**

نموونە : ماسییـە بچوکەکانـم فرۆشت . بییـە وشکەکە ببڕە .

5– هەرکات ناوی ناسراو کۆتایی بە پیتی بزوێنی ( وو ) هاتبوو , ئەوا ناوبەندی ( و )ی بۆ زیاد دەکەین , کە دەکەوێتە نێوان ناو و ئامرازی خستنەسەرەکە , بەڵام دەبێت واوێکی ( و ) ناوەکە لاببەین .

**ناو ( دیارخراو ) + ناوبەندی ( و ) + ئا.خستنەسەری ( ە ) + هاوەڵناو ( دیارخەر ) + ەکە + ( ان ) ئەگەر هەبوو**

نموونە : شاتو وە سورەکەم لێکردەوە . خانو وە خۆشەکە وێران بوو .

6– ناوی دیارخراو دەشێت زیاتر لە دیارخەرێك وەربگرێت , وە نیشانەی ناسراوی ( ەکە )ش دەچێتە سەر کۆتا هاوەڵناو .

نموونە : درەختە بەرزە باشە جوانەکەی شکاند .

* هاوەڵناوەکان دەبن بە دیارخەری ناو بە دوو شێوە : –

1– ئەگەر هاوەڵناوەکان لە جۆری هاوەڵناوی ( ژمارەیی بنجی , نیشانە , پلەی باڵا ) بوون ئەوا دەکەونە پێش ناوەوە و پێویستیشیان بە ئامرازی خستنەسەری ( ی ) نییە بکەوێتە نێوان ( ناو و هاوەڵناو )ەکەوە .

ژمارەیی بنجی / ( یەك , دوو , سێ ... ) نموونە : سێ خوێندکار هاتن بۆ لامان . پێنج کتێبم خوێندەوە .

نیشانە / ( ئەم ... ە , ئەو ... ە , ..... ) نموونە : ئەم باخە میوەی باشی هەیە . ئەو شوێنەوارە دڵگیرە .

پلەی باڵا / واتە ئەو هاوەڵناوانەی کە پاشگری ( ترین )یان پێوەیە . ( دڵسۆزترین , زیرەکترین , جوانترین .... )

نموونە : دڵسۆزترین هاوڕێم خەڵاتکرا . جوانترین گوڵم پێشکەشکرد .

2– ئەگەر هاوەڵناوەکان لە جۆری هاوەڵناوی ( پلەی چەسپاو , پلەی بەراورد ) بوو دەکەونە دوای ناوەکەوە و پێویستیان بە ئامرازی خستنەسەری ( ی ) هەیە .

پلەی چەسپاو / ( باش , جوان , چاك , .... ) نموونە : گوڵێکـی جوانـم لێکردەوە . بەرنامەیەکـی جوان پێشکەشکرا .

پلەی بەراورد / واتە ئەو هاوەڵناوانەی کە پاشگری ( تر )یان پێوەیە . ( جوانتر , باشتر , پاکتر , ... )

نموونە / گوڵێکـی جوانترم لێکردەوە . بەرنامەیەکـی جوانتر پێشکەشکرا .

* ئەو هاوەڵناوانەی کە لە پێش ناوەوە و دوای ناوەوە دێن وەك ( ڕێکخستن , نادیار , پرس ) , کە لە پێش ناوەوە بێن ئا.خستنەسەریان پێویست نیە , بەڵام کە لەدوای ناوەوە هاتن ئەوا پێویستیان بە ئا.خستنەسەر دەبێت . مەبەست لە ئا.خستنەسەر ( ی )یە .

ڕێکخستن / واتە ئەو هاوەڵناوانەی کە پاشگری ( ەم , ەمین , هەم , هەمین )یان پێوەیە . ( شەشەم , چوارەمین , چوارهەم , چوارهەمین ..).

نموونە : دووەمین خوێندکار خەڵات دەکرێت . هەفتەی یەکەم تاقیکردنەوەکان ئەنجامدران . خوێندکاری دووەم خەڵات دەکرێ .

نادیار / ( هەموو , زۆر , تر , وا , وەها , هەندێ , گەلێك , نەختێ , کەمێ ... )

نموونە : هەموو دارەکان ببڕن . خەڵکێکی زۆر ئاوارە بوون . لە هەموو هەورێك باران نابارێ . یاریزانێکی تر خەڵاتکرا .

پرس / ( کام , چ , چۆن , چەند , .. )

نموونە : کام یاریزان بەهێزە ؟   پێنوسێکی چۆنت کڕی ؟   چۆن دیارییەکت پێ درا ؟   بەرهەمی چۆن پەسەند کرا ؟

***************************************************************************

تێبینی : هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی هەمیشە لە پێش ناوەوە دێت و پێویستی بە ئا.ختنەسەری ( ی ) هەیە و لەنێوان ( ناو و هاوەڵناو )ەکە دێت .

نموونە : سێ یەکی زەوییەکەم فرۆشت .   چوار یەکی پەرتووکەکانم خوێندەوە .   لە سەدا پێنجی زەوییەکەمان کێڵا .

هاوەڵناو لەدەوری دیارخەری ناودا وەکو ( گرێی ناوی ) دەتوانێت هەموو ئەرکەکانی ناو ببینێت .

**************************************************

# سێیەم : ئەرکی جێناوە سەربەخۆکان لە دەوری دیارخەری ناودا

* جێناوە سەربەخۆکان دەبن بە دیارخەری ناو و هەمیشە دەکەونە دوای ناوی دیارخراوەوە بەم شێوەیە :-

1 – ناوی دیارخراو لە پێش جێناوی سەربەخۆی دیارخەرەوە دێت .

2 – لە نێوان دیارخراو و دیارخەردا ئامرازی خستنەسەری ( ی ) دێت .

3 – دیارخراو و دیارخەر بەیەکەوە ( گرێی ناوی ) دروست دەکەن .   نموونە : باوکی من ئیشدەکات .

ناو ( دیارخراو ) + ئا.ختنەسەری ( ی ) + جێناوی سەربەخۆ

## * جێناوە سەربەخۆکان دەبن بە دیارخەر کە ئەمانەن :-

1 – جێناوی کەسی سەربەخۆ : ﴿ من _ ئێمە , تۆ _ ئێوە , ئەو _ ئەوان ﴾

نموونە : نیشتیمانی ئێمە گەلێك پیرۆزە .   ڕۆمانەکەی تۆ بڵاوکرایەوە .   پەرتووکەکەی من بەنرخە .

2 – جێناوی خۆیی : ﴿ خۆم _ خۆمان , خۆت _ خۆتان , خۆی _ خۆیان ﴾

نموونە : گەلی خۆمان خۆشدەوێت .   پەرتووکەکەی خۆت وەربگرە .   پەرتووکی خۆم دەخوێنمەوە .

3 – جێناوی نادیار : ﴿ کابرا , فڵان , فیسار , هین , کەس , وانێك , هەرامە ... ﴾

نموونە : کوڕی فڵان بەیەکەم دەرچوو .   ماڵی کەس بەکەس حەڵاڵ نییە .   ئۆتۆمبێلی کابرا وەرگەڕا .

4 – جێناوی پرس : ﴿ کێ , کامە , کام , چ , چی .. ﴾

نموونە : پەرتووکی چی بەسوودە ؟   وێنەی کامیان جوانە ؟   ڕۆمانی کێ بڵاوکرایەوە ؟   پەتووکەکەی کێ بەناوبانگە ؟

5 – جێناوی نیشانە : ﴿ ئەمە , ئەمانە , ئەوە , ئەوانە ﴾

نموونە : ماڵی ئەوانە زۆر دوورە .   باخەکەی ئەوە بەسوودە .   باوکی ئەوە نووسەرە .   ڕا پۆرتەکانی ئەمانە دەخوێنمەوە .

تێبینی : لە کرمانجی ژووروودا کۆمەڵەی جێناوە سەربەخۆکانی ﴿ من _ مە , تە _ وە , ( وی , وێ ) _ وان ﴾ دەبن بە دیارخەری ناو بە یارمەتی ئامرازی

خستنەسەری ﴿ ( ێ ) تاکی نێر   ,   ( ا ) تاکی مێ   ,   ( ێد , ێن .. ) بۆ کۆی نێر و مێ ﴾

نموونە : وەڵاتێ من گەلەك خۆشە .   کتێبێن مە گەلەك پاکن .

وەڵاتێ تە گەلەك خۆشە   کتێبێن وە گەلەك پاکن .

وەڵاتێ ( وی , وێ ) گەلەك خۆشە .   شارا وان پاقژە .

* دیارخراو و دیارخەر بەیەکەوە ﴿ گرێی ناوی ﴾مان بۆ دروست دەکەن , وە گرێیەکەش هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت .

# چوارەم : ئەرکی جێناوە لکاوەکان لە دەوری دیارخەری ناودا

* جێناوە لکاوەکانی ﴿ ك1 , ك2 ﴾ دەبن بە دیارخەری ناو بەم شێوەیە :-

1 – هەمیشە دیارخراو **پێش** دیارخەر دەکەوێت .

2 – لە نێوان دیارخراو و دیارخەردا ئامرازی خستنەسەری ﴿ ی ﴾ پێویست نییە و نایەت .

3 – دیارخراو و دیارخەر بەیەکەوە ﴿ گرێی ناوی ﴾ دروست دەکەن .

*********************************************

* کۆمەڵەی یەکەم ( م _ مان , ت _ تان , ی _ یان ) دەبن بە دیارخەر و ڕاستەوخۆ دەچنە دوای ناوی دیارخراوەوە بەم شێوەیە :-

1 – لەگەڵ کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی تێپەڕ ( ك1 ) دەچێتە سەر بەرکار بەم شێوەیە :-

أ ڕابردووی تێپەڕ : بەرکار ( دیارخراو ) + ك1 ( دیارخەر ) + ك1 ( بکەر

تێبینی : هەرکاتێ دوو جێناوی لکاو لە ڕابردووی تێپەڕ بەدوای ناوێکدا هاتن و لە ﴿ ك1 ﴾ بوون ئەوا یەکەمیان ﴿ دیارخەر ﴾ە و دووەمیان ﴿ بکەر ﴾ە .

نموونە : پەرتووکەکە مانــت وەرگرت .      نووسینەکەمــی خوێندەوە .

ب ڕانەبردووی تێپەڕ : نموونە : پەرتووکەکەمان وەردەگرێت .   منداڵەکەم فێردەکات .   ئۆتۆمبێلەکەیان دەفرۆشم .

2 – لەگەڵ کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی تێنە پەڕدا ﴿ ك1 ﴾ دەچێتە سەر بکەر ( کارا ) .

نموونە : منداڵەکەت دانیشتووە . > بۆ ڕابردوو      ئۆتۆمبێلەکەت دەڕوات . > بۆ ڕانەبردوو

3 – لەگەڵ کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی بکەر نادیار ﴿ ك1 ﴾ دەچێتە سەر جێگری بکەر .

نموونە : زەویەکەم کێڵــرا .   ئۆتۆمبێلەکەم فرۆشــرا.   گوندەکەیان وێران کــرا .   وڵاتەکەم داگیرناکــرێ .

تێبینی : ﴿ را ﴾ بۆ ڕابردوو .
﴿ رێ , رێت ﴾ بۆ ڕانەبردوو .

4 – لەگەڵ کاری داخوازی دا ﴿ ك1 ﴾ ﴿ م _ مان , ت _ تان , ی _ یان ﴾ دەبن بە دیارخەر .

أ : لەگەڵ کاری داخوازی تێپەڕدا ﴿ ك1 ﴾ دەچنە سەر بەرکار .

نموونە : پارەکەی وەربگرن .   جلەکانت بشۆ .   باخچەکەیان ئاو بدە .

ب : لەگەڵ کاری داخوازی تێنە پەڕ ﴿ ك1 ﴾ ﴿ م _ مان , ی _ یان ﴾ دەچنە سەر ﴿ بکەر ﴾ ئەگەر بکەر ناو بوو , هەندێك جاریش دەچنە سەر تەواوکەری بەیاریدە . نموونە : کوڕەکەم وەرە بۆ لامان .   تۆ لە ژوورەکەم دابنیشە .

تێبینی : جێناوی لکاوی ﴿ ت _ تان ﴾ بەکارناهێندرێت , واتا بۆ ڕستە ئەسڵیەکەی دەبێ ﴿ جێناوی خۆیی ﴾ بەکاربێنیت .

نموونە : جلەکەت بشۆ .   بۆ ڕستە ئەسڵیەکە ئاوای لێ دێت > جلەکەی خۆت بشۆ .   بەڵام نابێ بیگەڕێنیەوە بۆ ( ج.کەسی سەربەخۆ ) .

5 – لەگەڵ کاری ناتەواودا ﴿ ك1 ﴾ دەچنە دوای ناوی نیهاد .

نموونە : منداڵەکەیان جوانە . <<< ﴿ منداڵەکەی ئەوان جوانە ﴾ <<< نیهادە .

باخەکەم خۆشە .   زەویەکەت گەورە بوو .   شارەکەیان جوان دەبێت .

* کۆمەڵەی دووەم ﴿ م _ ین ، یت _ ن ، Ø _ ن ﴾ تەنیا لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا دەبن بە دیارخەر و دەچنە کۆتایی کار و لەوکاتەدا جێناوەکانی ﴿ ك1 ﴾ بەدوای ناوە دیارخراوەکەدا دێن ، بەڵام ئەرکی ﴿ بکەر ﴾ دەبینن نەك ﴿ دیارخەر ﴾ ناوەکەش ئەرکی بەرکار دەبینێت .

نموونە : نامەکەم گەیاندیت . خوێندکارەکەی خەڵاتکردن . گوڵەکەی هێنایت . ڕۆمانەکەی بردم . پێنووسەکەی بردیت .

* جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك لەدەوری دیارخەری ناودا دەرناکەوێت لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا .

نموونە : پێنووسەکەم کڕی Ø . مۆبایلەکەت فرۆشت Ø . کاغەزەکەی سوتاند Ø .

تێبینی : هەرکاتێك جێناوی لکاوی ﴿ ك1 ﴾ بوو بە دیارخەر بۆ ناوێك ئەوا ئەو ناوە هیچ دیارخەرێکی تر وەرناگرێت لەدوای جێناوی لکاوی دیارخەر .

نموونە : خوێندنگاکەمان x خاوێنە . مان < دیارخەرە .

بەڵام هەرکات ناوێك یان هاوەڵناوێك بوو بە دیارخەر بۆ ناوێك ئەوا دەکرێت جێناوێکی لکاوی ﴿ ك1 , ك2 ﴾ ببێتە دیارخەر , بەڵام دەچێتە کۆتایی دیارخەرەکانی ترەوە , بەیەکەوە گرێیەکی ناوی دروست دەکەن .

نموونە : باخچەی خانووەکەتان خاوێنە . خانووەکە ← دیارخەرە . تان ← دیارخەرە .

باخچە گەورە خۆشەکەتان خاوێنە . گەورە ← دیارخەرە . خۆش ← دیارخەرە . تان ← دیارخەرە .

تێبینی : ئەگەر جێناوی لکاو بوو بە دیارخەری ناوێك ئەوا هیچ دیارخەرێکی تر وەرنارگرێت چونکە دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی ڕستەکە .

نموونە : مامۆستاکەمان کیمیا هات . X کتێبەکەم ئازاد نوێیە . X مامۆستاکەت کیمیا زیرەکە . X

ئەو ڕستانەی سەرەوە هەڵەن , چونکە جێناوی لکاو دیارخەریەتی و هیچ دیارخەرێکی تر وەرناگرێت .

پ وزاری / منداڵەکەمان ئازاد جوانە . ئەم ڕستەیە بۆ هەڵەیە ؟

﴾ Ⓐ کاری ناتەواو دیارخەریەتی Ⓑ ج.لکاو دیارخەریەتی هیچ دیارخەرێکی تر وەرناگرێت Ⓒ بەرکار نەهاتووە Ⓓ بکەر هەیە ﴿

* دیارخراو و دیارخەر بەیەکەوە ﴿ گرێی ناوی ﴾مان بۆ دروست دەکەن , وە گرێیەکەش هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت .